# هەڵبژاردن

## لە نێوان چەواشەکاری و دەقی شەرعیدا

نووسینی
احسان برهان الدين



بسم الله الرحمن الرحيم

هەڵبژاردن لە نێوان چەواشەکاری و دەقی شەعیدا

بسم الله الرحمن الرحيم


## ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: هەڵبژاردن لە نێوان چەواشەکاری و دەقی شەرعیدا

نووسینی: إحسان برهان الدين

نەخشەسازیی ناوەوە: عبدالله خاکی

نەخشەسازیی بەرگ: موسلیم کوردی

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٣ کۆچی – ٢٠٢١ میلادی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە « »ی

ساڵی «٢٠٢١»ی پێ دراوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ
اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ
يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ
الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ النساء ١٤٠.

# پێشەکی

**الحمد لله والصلاة و السلام على رسول الله وعلى آله و صحبه و من والاه.**

ئەمەی لەم نامیلکەیەدا خراوەتەڕوو، بریتییە لە زنجیرە باسـێکی کورت، کە لە تۆری کۆمەڵایە تی فەیسبوك دەربارەی هە ڵبژاردن و دە نگـدان بڵاوکراوەتەوە، هۆکاری نووسینەکەشی لەلایەکەوە هەڵسانە بە ئەرکی بانگەواز و رونکردنەوەی حوکمەکانی ئەم مەسەلە لەشەرعدا و ڕواندنەوەی ئەو گومانانەی هەندێ بەناوی شـەرعەوە بۆ خەڵکی دروست دەکەن، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی زۆر کەس لە من و لە غەیری من ئەو پرسیارە دەکەن: ئایا دروستە دەنگ بدەم، ئایا دەنگدانم بۆ عەقیدەو ئیمانم زیانی نابێت؟ منیش لە ڕۆشـنایی دەقەکانی قورئان و سـوننەتدا و هەروەها لە ڕوانگەی تێگەیشـتنی زۆرێك لەو زانایانەی کە بە شـوێنکەوتنی کیتاب و سـوننەت ناسراون وهیچ بەرژەوە ندی و تێوەگلانێکیان لەگەڵ حیزب و لایەن و سیاسەتێکدا نییە ناچاریان بکات لە حەق لابدەن و خۆیان لە پێناو بەدەسـتهێنانی دەنگی خەڵکی فریو بدەن، ئەم ڕوونکردنەوانەم نووسـیوە، بەڵکو الله تعالى بیکاتە مایەی توێشووی قیامەت بۆ ئێمە و هەرکەسێك کە مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار و رزگار بوونە لە تەڵەکانی ئەم سەردەمە

کە بۆ موســـوڵمان لێرەو لەوێ دادەنرێت و هەر بە ناوی ئایینیشـــەوە لە خشتەدەبرێت!

جا لەبەر هەبوونی ئەو هەموو بەڵگە ڕوون و ئاشـکرایەی لە ئایەتەکان و لە فەرموودەکاندا دەربارەی ئەو سـەرپێچیانەی لە هەڵبژاردندا هەیە، بۆ چرکە ساتێکیش گومانم لەوە نییە موسوڵمان پێویستە بە هەموو شێوەیەك لە هەموو بە شـێکی ئەو پرۆسـەیە بە دوور بێت و لێی بەری بێت، بۆیە بایکۆتکردنی دەنگدان بە نیســبەت کەســی موســوڵمانەوە، پارێزگاریکردنە لە دینی کە لەکەدار نەبێت و لە دونیاشی بۆ ئەوەی نەکرێتە پەیژەیەکی ئاسان و خۆڕایی خەڵکی بەسـەردا سـەرکەوێت بۆ کارو جێگەی ناشـەرعی کە الله پاشـان پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾ پێی ڕازی نابن!

جگە لەوەش گاڵتە بە عەقڵی دەکرێت چونکە پەندو عیبرەت لە ئەزموونی ساڵانێکی دوورودرێژ وەرناگرن لە بێ کەڵکی و بێ بەرووبوومی دەنگدان و هەلبژاردن!

سوێند بە خالقی ئەرزو ئا سمانەکان هیچ مەبە ست و نیازو بەرژەوەندییەکم لەم ئامۆژگارییەم نییە جگە لە ڕەزامەندی الله و خێری ئێوە نەبێت، هەروەها

وەکو ئینکاری مونکەر و بەری بوون لەوەی باوەرم وایە کارێکی تەواو لەگەڵ شەرعدا دژوارە.

ئەگینا هەموو خەڵکی پێکەوە بۆ حیزبێکی عەلمانی یان بۆ حیزبێکی ئیسلامی دەنگ بدەن، نە سوود و نە زیان بە من ناگەیەنن و نە پەیوەندیشی بە منەوە هەیە وەکو شەخس!

چونکە من ئەوەی لەسەرمە وەکو دین لەم بارەوە ئەوەیە تا ماوم پەنجەم بۆ هیچ کەسێك ڕەنگ نەکەم و دەنگ بە هیچ کەسێك و هیچ حیزب و لایەنێك نەدەم و لەسەردەمی فیتنەدا کونجی ماڵی خۆم بگرم، کە ئێستا بێگومان سەردەمی فیتنەو غەریبی ئیسلامە، بەوەش بەرائەتی خۆم لەو کارە دژوارە لە گەڵ شەرعدا دەردەبڕم.

ئەگەر واتکرد و توخنی ئەو پرۆسەیە نەکەوتی، ئەوا دینت سەلامەتە و ڕێگەش لەوانە دەگریت کە دەنگیان بۆ دەدەیت بە عەقڵت پێ بکەنن و بڵێن بەخوا چاك ئەو دەنگدەرانەمان فریوداوە و کردوومانن بە پەیژەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان، ئێمە بۆ مەعاش و پلەو پایەی کەسێتی و حیزبی و سیاسی خۆمان کار دەکەین، ئەو داماوانەش باوەڕیان کردووە کە ئەگەر

دەنگ نەدەن گوناهبار دەبن و وەکو پەپولە بەرەو ئاگر مل دەنێن لە پێناوی ئێمەدا و بەخۆیشیان نازانن!

بۆ ئەم زنجیرە باسە کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا بڵاوبووەتەوە،ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرم صلی الله علیه و سلم کردووەتە مەشخەڵی ڕێگا بۆ خۆم و سوودیشم لە چەندین سەرچاوە وەرگرتووە کە ئەو دوو سەرچاوەیان کردووەتە بنەما و بنچینەی هەموو بڕیار و حوکم و هەنگاوێك بۆ خۆیان.

(والله من وراء القصد).



## بەریبە سەلامەتی!

سەردەمی فیتنە و درو شمی بێ ناوەڕۆکە! قەڵپترین ماڵت بەناو ئیسلامەوە پێ دەفرۆشن و لە خشتەت دەبەن! تەنها ئەوانە نەبێت کە قەڵغانێکیان لە زانستی شەرعی باش بۆ خۆیان درووست کردووە مەگەر پارێزراو بن، ئەگینا هەموان مەترسی فریوخواردنیان بە قسەی هەڵخەڵەتێنەر و بێ بنەمای شەرعی لەسەرە، درۆ لە زەوییەوە هەڵدەقولێت و لە ئاسمانەوە دەبارێت!

متمانە بەکەس نەکەیت ئەگەر زمانحاڵی ئەو کەسە قال الله پاشان قال الرسول نەبوو!

متمانە بەکەس نەکەی ئەگەر تەوحیدی بەزمان و بە کردەوە لە خۆیدا بەرجەستە نەکردبوو. هەرکێ بە هەر بیانوویەك لەگەڵ جاهیلییەتی هاوچەرخدا بە هەموو شێوازە کانییەوە کە لەگەڵ عەقیدەو بیرو باوەڕی قورئان و سوننەتدا تێکدەگیرێت تێکەل بوو و وتی لە رێگەیەکی حەرام و قەدەغەکراوەوە خزمەتی ئیسلام دەکەم، پێی بلێ دەستنوێژ بە عارەق ناگیررێت و بۆ دزیکردن و پیاوکوشتن داوای یارمەتی لە الله ناکرێت!

بۆ ئامانجی چاك تەنها ڕێگای چاك و ڕێگەپێدراوی شـــەرعی دەگیرێتەبەر. ئەو کە سەش کە لە پایەیەکی هە ستیاری تەوحیددا تێکەوت! ئیتر دە ستی لێ بشۆ و خێری ببەخشە و لێی بەریبە، وریا نەبیت تیادەچیت و لە خشتە دەبرێیت، ڕۆژگارێکە گومان کردن زۆر لە متمانە کردن باشترە و سەلامەتییە بۆ دین و دونیات! هێندە وریابە وابزانە بەناو کێڵگەیەکی میندا ڕێدەکەیت و پێویســـتە خۆت بپارێزیت ! یان وایدانێ بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیت گورگ و دڕەندەی زۆر چاویان لێتە بتکەن بە نێچیر و ژەمێکی ئاسان بۆ خۆیان.



# دار الندوة..پەرلەمانی قورەیش و عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا

لە پاش ئەوەی کە (قصي ــ بن کلاب) بوو بە ســەرگەورەی مەککە، (دار الندوة) ی لە نزیکی کەعبەدا درووســـت کرد، هەم وەکو ماڵ و جێگای حەســـانەوە بۆ خۆی و، هەم وەکو  بارەگای ڕێکخســـتن و بەڕێوەبردنی کاروباری مەککە  لەســەردەمی جاهیلییەتدا، ئەو ماڵە هەر بەو شـێوە وەکو ناوەندێکی بە هێزی بڕیار، یان ئەنجومەنێکی پیران، بەردەوام ڕۆڵی خۆی لە ژیانی عەرەبدا لەو  سەردەمەدا دەگێڕا، تا ئەو کاتەی خۆری ئیسلام لە سەر ئەو شـــارە لە ســـاڵی فەتحدا هەڵهات، ئیدی خۆری دار الندوة وەکو مەڵبەندیکی شـــیرکی ئاوا بوو و کۆتایی پێ هات و بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو بینایەك هەر مایەوە.

لە (دار النـدوة) دا،  ســـەرانی قورەیش وخوزاعە و پیـاوە دانـا و بە ئەزموونەکانی هۆزەکانی تر کۆ دەبوونەوە پرســە گەرمەکانی ســیاســەت و ئابوری و کۆمەڵایەتییان تێیدا تاوتوێ دەکرد، ئەندامەکانی لە تەمەنی چل ســاڵ بۆ ســەرەوە دەپاڵێوران بۆ ئەو جێگەیە، بەڵام لە هەندێ ســەرچاوەدا هاتووە کە أبو جهل لە تەمەنی ســی ســاڵییەوە لەو جێگەیە بوو بە ئەندام،

جگە لەویش کورانی قصي- بن کلاب بەهەمان شـێوە جیاواز لە ئەندامانی تر وەکو تەزکیە بە زمانی سـەردەمی خۆمان، لە سـی سـاڵییەوە مافی ئەندامێتی دار الندة یان هەبوو، کە دەکرێت وەکو پەرلەمانی ئەو سـەردەمە وێنای بکەین.

کاروانەکانی بازرگانی لەوێوە بەڕێدەکەوتن و لە گەڕانەوەشـدا هەر لەوێ ڕادەوەستان، ئاڵای جەنگیش هەر لەو شوێنەوە دەبەسترا و بڕیاری لەسەر دەدرا، هەروەها پەیماننامە گرنگەکان و کۆبوونەوە چارەنووسسازەکان وەکو بڕیاری کوشـتنی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەویش هەر لەوێوە دەردەچوو و بڕیاڕی کۆتایی و ئامادەکارییەکانی بۆ ئەنجام درا.

جگە لەوەش هەندێ هاوپەیمانی وەکو هاوپەیمانێتی نێوان عبدالمطلب و هۆزی خوزاعە و ڕاگەیاندنی جەنگی (حلف الفضـول) یش کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێش سەردەمی پێغەمبەرایەتی لە گەڵ مامەکانیدا ئامادەی بوو هەر لەوێوە ئیمزا کرا.

(دار الندوة) هەمیشـە سـەرچاوەیەك بوو بۆ تەشریع دانان و دیاریکردنی ڕێو شوێن و دەرکردنی فەرمانی هەستیار، ئەگەرچی هەندێ جار فەرمان و حوکمەکانی مولزیم نەبوون، واتە هۆزەکان ناچار نەبوون پێوەی پابەند بن.

شایانی باسە کە هەموو هەوڵەکانی دژایەتی کردنی ئیسلامیش هەر لەوێوە پلانی بۆ دادەڕێژرا و فەرمانی بۆ دەردەچوو، زۆر جاریش (دار الندوة) بەوە ناسرابوو کە پشـــتگیری دەوڵەمەند و بازرگان و ســـەرمایەدارانی لە دژی هەژاران و کۆیلەکاندا دەکرد.

کاتێك قورەیش هەستیان بە مەترسی گەورەبوونی ئیسلام کرد و دڵنیابوون کە دەبێتە مایەی ز یان و مەترســـی بۆ قەوارەکە یان، لە ٢٦ ی مانگی سەفەری ساڵی چواردەمین لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ ، واتە دوای دوو مانگ و نیو لە بەیعەی عەقەبەی گەورە، ئەندامانی (دار الندوة) ترســـناکترین و گرنگترین کۆبوونەوەی خۆیان لە (دار الندوه) دا گرێدا و لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری هۆزەکان ئامادەبوون بە مەبەســـتی داڕشـــتنی پلانێکی تۆکمە بۆ لەناوبردنی ئیسلام، مێژوو ناوی زۆرێك لەوانەی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون پاراســـتووە، وەکو: (أبو جهل، و جبير بن مُطْعِم، وطُعَيْمَة بن عدي، والحارث بن عامر، و شـــيبة وعتبة ی کوڕانی ربيعة وأبو سـفيان بن حرب، النَّضْر بن الحارث، و أبو البَخْتَرِي بن هشـام، وزَمْعَة بن الأسود، وحَكِيم بن حِزَام، أمية بن خَلَف، و نُبَيْه ومُنَبِّه کوڕانی الحجاج). لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشـدا بڕیاڕی ئیش کردن بۆ کوشـتنی پێغەمبەر ﷺ

بە زۆرینەی دەنگە کان دەرچوو و اللە تعالی لە قورئا ندا ئا ماژەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کردووە و فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾[1] ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیچ ئەندامێتییەك لە خێر بێت یان لەشەڕدا ، لە مێژوودا بیر ناکرێت و خاوەنەکەی لە لای خەڵك و لەلای پەروەردگاریش یان ڕووی سپی دەبێت و دەبێتە مایەی شانازی، یان ڕوو ڕەش دەبێت و شەرمەزاری دونیا و دواڕۆژی بۆ دەمێنیتەوە!

شایانی ئاماژە پێکردنە پێغەمبەر ﷺ نە خۆی و نە هیچ کەسێك لە هاوەڵە بەڕێزە کانی اللە لێیان ڕازی بێت، ڕۆژ ێك لە ڕۆژان نەچوونە دار الندوة بە مەبەستی بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە، چجای بەو بە هانەوە ببنە ئەندام شان بە شانی سەرانی دار الندوة و ساڵی جارێك ئەگەر پێیان کرا و ڕێگەیان درا دەستێك لە پێناو جێبەجیکردنی حوکمێکی ئیسلام بەرز بکەنەوە! یان بچن سوێند لەسەر جێبەجێکردنی یاسا کانیان بخۆن بەو بە هانەی کە لە پاڵ ئەو کارەیاندا دوو قسەی خێر بکەن، لە کاتێکدا ئەو کارە گران نەبوو بۆیان

[1] - الأنفال /٣٠.

ئەنجامی بدەن. (دار الندوة) تاکو سەردەمانێکیش وەکو بینا هەر مابوویەوە و هەندێ لە خەلیفەکان لە کاتی سەردانی مەککەدا لەوێ دەمانەوەو وەکو جێگایەکی حەســـانەوە، بەڵام ناوی گۆڕابوو بۆ (دار الإمارة)، دواتریش بۆ ماوەیەك بوو بوو بە جیگایەکی بێ بایەخ وەکو کەلاوە و خۆڵ و خاشـــاکی تێفڕەدەدرا و دوای ئەوەش بە جارێك نەما و لەنێوچوو، ئێستاش شوێنەوار و جێگەکەی بە دڵنیاییی د یار نییە، بەڵام ئەوە یان گو مانی ت یدا نییە کە شـوینەکەی نزیکی کەعبە بووە، لە جێگەیەك کە ئێســتا پێی دەوترێت (مقام الحنفي) شان بە شانی جێگای تەواوف کردن بە دەوری کەعبەدا.



# شەرعدانان كاری اللە یە نەك زۆرینە!

اللە تعالی فەرموویەتی: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾[1]، بۆ هەر پرس و باسێك ناكۆكی كەوتە نێوانتانەوە، بۆ حوكم و یەكلاییكردنەوەی بگەڕێنەوە لای اللە ، لە قورئان و ســـوننە تدا بە دوای چارەســـەرەكە یدا بگەڕێن، نەك خۆتان كەســـانێك دیاری بكەن بە پێی هەواو ئارەزوو یان بە گەڕانەوە بۆ ڕاوبۆچوونی خەڵكی بڕیاری لەسەر بدەن و بەدەر لە شەریعەتی ئیســـلام چی بە باش و گونجاو بزانن بۆ خۆ تان ئەوە تەشریع بكەن و پەیڕەوی لێ بكەن! هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَنْ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾[2] واتە: ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بە حوكمی پەروەردگارت لە نێوانیا ندا حوكم بكە و شـــوێن حەزو ئارەزووەكانی ئەوان مەكەوە، وریاش بە واتلێبكەن كار بە حوكمێك لە حوكمەكانی اللە لە قورئا ندا نەكە یت! اللە تعالی فەرموویەتی: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّـهِ﴾[3] واتە حوكم و بڕیار تەنها و تەنها بۆ اللە یە!

ئەوانیش دەڵێن نەخێر وانییە، بەڵكو : (إن الحكم إلا للشـــعب) فەرمان و بڕیار و حوكم تەنها بۆ گەلە، كاتێك كە قســـەش دەكەن لە جیاتی ئەوەی

---

[1] - [الشورى: ١٠]

[2] - [المائدة: ٤٩]

[3] - [يوسف:٤٠].

بەناوی اللّٰە دەســـت پێ بکەن و بڵێن (بســم اللە) دەبێت بەناوی گەلەوە دەست بکەن و بڵێن (باسم الشعب)، بە کورتی مافی تەشریع و حەڵاڵ و حەرامکردن کە مافێکی ڕەهای اللە یە، لە پەرلەمانەکاندا دەگوازرێتەوە بۆ گەل واتە بۆ خەڵکی، بۆ بەندەکان!

بۆ ئەوەش بزانیت بەشـــداری کردنت لە ناردنی کەســێك بۆ ئەو جێگەیە مەعنای چییە و چەواشە نەکرێیت و لەخشتەت نەبەن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەوەی مەبەســتیانە پێت بکەن: لەوە تێبگە کە ئەو کەســەی دەبێتە هاوکاری و بە دەنگی خۆت بۆ ئەو جێگەی دەنێریت، یەکەم کاری ئەوەیە سوێند لەسەر ئەوە بخوات کار بۆ ئەوە بکات و هەموو کۆششێکی ئەوە بێت حوکم حوکمی گەل بێت نەك حوکمی شەرعی ئیسلام!

ئەو برادەرەش کە بەســەر شـــانی تۆدا بۆ ئەو جێگەیە دەروات! ئەرکی سەرشانێتی ڕێز لە هەر بڕیارێکی گەل بگرێت و بە پیرۆزی بزانێت و بیخاتە پێش بڕیاری پەروەردگاریشــەوە! تەنانەت ئەگەر شــەرعی ئیســلامیش ڕەتبکەنەوە و هەرچی حەرام و قەدەغەکراوە کانیش هەیە حەڵاڵی بکەن و ڕێگە بە ئەنجامدانی بدەن، ئەو کەســە بۆی نییە بەرانبەر ویســتی گەل بوەســتێ، مەگەر شــەرمنانە و ئەگەر غیرەت بیگرێت تەنها دەســتێکی بێ سوود بەرز بکاتەوە، ئەویش ئەگەر ڕەزامەندی حیزبەکەی لەسەر بێت و بە

بەهانەی مصالح و مفاسد ئەو دەست بەرزکردنەوە بێ سوودەشی لێ قەدەغە نەکەن!

﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْماً لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾[١] الله تعالى نکۆڵی لەوانە دە کات کە بە حوکمی ئەو ڕازی نابن و بۆ حەز و ئارەزووەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە، وەکو ئەوەی لە سەردەمی جاهیلییەتدا حوکمیان بە هەندێ یاسا و ڕێسای نەفامی و گومڕایی دەکرد. یان وەکو ئەوەی تەتارەکان دەیانکرد کاتێك جەنگیزخان کتێبی (یاسق) ی بۆ دانان، کە تێکەڵەیەك بوو لە حوکمی مرۆڤەکان و حوکمی پەروەردگار ! یان وەکو ئێستا کە هەرچی الله پاشان پێغەمبەرەکە ﷺ فەرموویانە و حوکم و بڕیار یان لەسەری داوە لە قورئان و لە سوننە تدا، دوو بارە دەخرێتە دەنگدانەوە بزانە گەل پێی ڕازییە یان ڕەتیدەکاتەوە، جا ئەگەر دەنگی هێنا - کە زۆر جار نا شیهێنێت ! - ئەوا الحکم لله و ئیشی پێ دەکرێت، ئەگەریش دەنگی پێویست و زۆرینەی نەهێنا و بەدیواردا دەکێشرێت و حوکمێکی تر کە زۆرینە بەباشی بزانن دەخرێتە جێگەکەی!

بۆ نموونە الله فەرموویەتی سزای دزیکردن دەست بڕینە، ئەوان دەڵێن نەخێر دەست بڕینی چی ! زیندانی دەکەین ئەوە لەگەڵ شارستانیەتدا دەگونجێت، چونکە دەستبڕین جۆرێکە لە هەمەجیەت و کۆنە پەرستی!

---

[١] - [المائدة: ٥٠].

﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾؟ ئایا ئەوانە حوكمی الله ڕەتدەكەنەوەو حوكمی جاهیلییەتیان دەوێت؟ بەڵێ وا دەكەن، هەندێ گومڕا و بازرگانانیش بە ئیســـلامەوە دەیانەوێت لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بتكەن بە ســـوتەمەنی ئەو ئاگرە، هەم بۆ دونیات هیچ ســـوودێكیان نابێت لە گیرفان پڕ كردنی خۆیان زیاتر، هەم قیامەتیشـــت لێ تێكدەدەن، بۆیە وریابە لە خشـــتەت نەبەن .

# هەرکێ ڕێگەی بە هەڵبژاردن داوە.. نەیپێکاوە!

الله تعالى لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلا مَا تَذَكَّرُونَ﴾هەروه ها فەرموویەتی: ﴿وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ هەروەها پێشەوا مالك بن أنس و زانای تریش فەرموویانە: (كل يؤخذ من كلامه ويترك إلا صاحب هذا القبر) لە ڕا ستیدا ئێمە دین لە قورئان و فەرموودە وەردەگرین و قسەی زانایانیش لە ڕۆشنایی ئەو دوو سەرچاوەدا وەردەگرین. موسوڵمانی تێگەیشتوو لە دینەکەی، تەنها شوێنکەوتووی کیتاب و سوننەت دەبێت و بە فەتوا و ڕاو بۆچوون و تێگەیشتنی کەس دینداری ناکات ئەگەر بەڵگەی لەو دوو سەرچاوە پێ نەبێت و لەبەر هەر هۆکارێك بێت و پێچەوانەیان قسە بکات ئەگەرچی شێخ عبدالعزیز بن باز و شێخ محمد صالح العثیمین دواجار مرۆڤن و مەعسوم نین و هەڵەیان لێ دەوەشێتەوە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە دڵ بە فەتوای ئەوان لە ڕێگەدان بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن خۆش دەکەن ئەم چەند خاڵەیان پێشکەش دەکەم، بۆیەش باسی شیخ ناصرالدين الألباني ناکەم لەبەر ئەوەی پاش ئەوەی وەکو خۆی دەڵێت لە بابی أخف الضررین ەوە فەتوای بۆ جەزائرییەکان دا کە درووستە بەشداری هەلبژاردن بکەن، دواتر دوای ئەوەی شیخ مقبل هادء الوادعي و هه ندێ زا نای وڵاتی یەمەن

نامەیان بۆ نووســـی لەو بارەوە وتی من ئەو كاتەش هەر لەبابی ناچارییەوە ڕێگەم داوە!

ئینجا بەتەواوی پاشـــگەزبوونی خۆی ڕاگەیاند لە وەڵامی شـــێخ مقبل و زاناكاندا، وەكو ســـلیم الهلالي لە شریتی (أســـئلة الطالب اليماني لطلبة الألباني) باسی دەكات

١- هەڵوێستی ئەو دوو زانایە لە دەسەڵاتی سعودیە هەمیشە دیار بووە كە تاكو مردنیان لە هیچ مەســـەلەیەكدا ڕەخنەیان لێ نەگرتوون و ڕۆژێك لە ڕۆژان فەتوایەكیان نەبووە لە بوارەكانی سیاسەتی دەرەوەو بواری سەربازی و ئەمنی و هەر بوارێكی تر كە بە دڵی ئەوان نەبێت، یان دژی ئاراســـتەی ئەو دەوڵە بێت ، بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنیش بە هەمان شێوە نەیانتوانیوە ئەو كارە بكەن لەبەر ئەوەی فەتوایەكی لەو جۆرە لێدان بوو لە ســـیاســـەتی ئەو دەوڵەتە كە ئەو زانایانە ئەوانیان بە وەلی ئەمر زانیوە و ڕێگەیان بە خۆیان نەداوە لە هیچ شتێكدا سەرپێچییان بكەن كە ئەوەش هەڵەیە بێگومان بەڵام ئیتر ئەوە خۆیان و پەروەردگاریان چۆن وەڵامی ئەوە دەدەنەوە، لەلایەكی تریشـــەوە ئەوان لە ســـعودیە پەرلەمان بە شـــورا ناو دەبەن و بە زەقی و بە ئاشكرا كەس ناتوانێت دەقێكی قورئان ڕەت بكاتەوە و كۆمەڵێك جیاوازییان لەگەڵ غەیری خۆیـانـدا هەیە، هیچ نەبێـت ئەوەنـدەی كە ئەو زانـایـانە بەهانەیەكیان بەدەســـتەوە بێت دژایەتی نەكەن، وەكو بڕینی دەســـتی دز و

ڕەجمی زانی محصــن و ڕێگەنەدان بە ســووكایەتی كردن بە ئیســلام پێش ئەوەی لەسەردەمی محمد بن سلمان زۆرێك لەو شتانە گۆرانكاری گەورەیان بەســەردا بێت و ســعودیە بە شــێوەیەكی ترســناك و خێرا بەرەو عەلمانیەت هەنگاو بنێت !

٢ - ئەو دوو زا نایە بە تایبەتی ابن عثیمین، چە ندین فەتوای تر یان هەیە وەكو جۆرێكە لە هەڵوە شاندنەوە بۆ فەتوای ڕێگەدان بە بە شداری كردن لە دەنگداندا، بۆ نموونە ئەوان درووســتكردنی حیزبی ســیاســی بە حەرام دەزانن جا وەرە لەم دوو مەســەلە دژوارە تێبگە كە شــێخ مقبل یش هەمان ئەم سەرسوڕمانەی بەرانبەریان نیشاندا چۆن لەلایەكەوە پێكهێنانی حیزبی سیاسی بە حەرام ئەزانیت و لەولاشەوە بەشداری كردنی حیزبی سیاسی لە پەرلەماندا بە شەرعی دەزانیت!

٣ - ئینجا ئەگەر پرۆ سەی هەڵبژاردن بە تێكڕایی باس نەكرێت، بەڵكو بەش بەش بكرایەتەوە و پێكهاتە نادیارەكانی پرسیارەكە بخرایەتە ڕوو و بەو شێوە پرســیار لەو دوو زانا بكرایە، بۆ نموونە بوترایە حوكمی بەشــداریكردن لە دەنگدان و خۆ كاندید كردن بۆ پەرلەمانێك چییە كە لە جیاتی الله پاشــان پێغەمبەرەكەی شەرع دادەنێن و دەسەڵاتیشیان هەیە هەر حوكمێكی كیتاب و ســوننەت لابدەن و بیگۆڕن، جا بزانە لەو كاتەدا ئەوان وەڵامیان چی دەبوو؟!

لە ڕاستیدا ئەگەر پرسیارەکە بە ڕوونی و بەش بەش بکرایە لەو دوو زانایە بۆ هەموو بەشێکی پرسیارەکە فەتوای حەرامی و بەڵکو لە حەرامیش توندتر لە فەتواکانی ابن باز و ابن عثيمين دا دەبینرا و دەبیسترا، بۆ نمونە پرسیاریان لێ بکرایە :

- حوکمی دیموکراسی کە کۆڵەکە و بنەمای هەڵبژاردنە چییە؟
- حوکمی یەکسان کردنی پیاووژن لە هەمو شتیکدا و یەکسانی دەنگی موسوڵمان و نا موسوڵمان چییە؟
- حوکمی تەشریعدا نان و یاسادا نانی دژ بە شەرعی ئیسلام و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانەکان ڕۆڵی شەرعدانەر و ئەرباب دەبینن لە پەرلەماندا .
- پرسیاری ئەوەیان لێ بکرایە ئایا حوکمی لابردنی حوکمەکانی قورئان و سوننەت و گۆڕینیان بە حوکمی هاوچەرخی دروو ستکراوی مرۆڤەکان چییە؟ .
- ئایا سوێندخواردن لەسەر جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە دستورێك کە تا لە مەسەلەیەکدا بە حوکمی ئیسلام ڕازی دەبێت، لە دە مەسەلەدا ڕەتیدەکاتەوە و بەهەمان شێوە دەیان مەسەلەی تریش.

ئەوەش شێوازێکی کۆنە کە خاوەن پرسیار ئەگەر فێڵباز و زۆرزان بێت دەتوانێت موفتی و دادوەر بخەڵەتێنیت یان تووشی هەڵە یان بکات لە

حوکمدا ندا، بەڵکو تە نانەت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەیفەرموو: (إنما أنا بشر وإنكم تختصمون إلي ولعل بعضكم أن يكون ألحن بحجته من بعض، وأقضي له على نحو ما أسمع ، فمن قضيت له من حق أخيه شيئا فلا يأخذ فإنما أقطع له قطعة من النار )[١]. واتە: منیش مرۆڤێکم لەوانەیە کە سێك لە ئێوە قسەزان بێت و بە شێوەیەکی ناڕا ست ڕوداوەکەم بۆ بگێڕێتەوەو منیش بە پێی ئەوەی کە دەیبیسم مافی پێ بدەم، بۆیە ئەگەر لە سەر ئەو قسەیەی خۆتان مافی براکەتانم پێدان وەریمەگرن، چونکە وەکو ئەوەیە پارچەیەك لە ئاگری بۆ ببڕمەوە و پێی بدەم!

٤- لە ڕاستیدا هەموو بەڵگەکان دەڵێن ئەوان ئاگایان لە هەموو ئەوە نەبووەو لە کەسێکی ڕەوانە کراوی فێڵبازەوە وەکو تەڵە پرسیارێکی فێڵاویان لێ کراوە و ئەوانیش بوونە بە تەڵەکەوە و وەڵامی پرسیارێکی وا گەورەو گرنگیان بە شێوەیەکی مجمل و سەرپێیی داوەتەوە و ئەوەش بووەتە بیانوویەك بە دەستی کەسانێکەوە کە تەنها ئیشیان بەو فەتوایە هەیە (لحاجة في أنفسهم) خەڵکی عەوامیش بەوە هەڵخەڵەتاون و تێکەوتوون و کراون بە سووتەمەنی ئاگرێکی سوتێنەر و بێ بەزەیی، و فەتواکەیان کراوەتە هۆکار و بیانووی ئەو کارەساتەی کە بەسەر خەڵکیدا هێنراوە لەبەر بەرژەوەندی مادی و حیزبی خۆیان.

---

[١] - البخاري (٦٥٦٦).

٥- بەڵام لە گریمانەیەکدا ئەگەر ئەوانەشـــیـان زانیبێـت و دواجـار ئەو فەتوایەیان هەردابێت بەهەر بیانوو و فشار و تێڕوانێکەوە بێت، ئەوا دەڵێین: زانای زۆر لەوان گەورەتر هەڵەی وا یان کردووە فێرخوازێکی ســەرەتایی زانست لێی تێپەڕ نابێت و ئەوە حاڵەتێکی سەیرو سەمەرە نییە! هەڵەی ابن باز و ابن عثيمين زۆر ڕوون و ئاشـکرایە لەو فەتوایەدا و موخالیفە بۆ بنەما گشتییەکانی عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلامی ئەگەر مەبەستیان بەشداری ئەم جۆرە هەڵبژاردنانەی ئێســـتا بووبێت، بەڵام من وەکو خۆم زۆر بە دووری دەگرم ئەوان لەم هەموو کارەســـاتە ئاگادار بووبن و فەتواشـــیان دابێت کە درووستە بەشداری بکرێت!

چونکە هەموو قســـەو وانە و کتێب و بەرنامە و فەتواکانی تریان بەڵگەن لەســەر پێچەوانەکەی و ئەوان بۆچوونیان هەرگیز وانەبووە پێشـــتر و دوای ئەو فەتوایەشیان، بەڵام پێم وایە سیاسەت و سیاسەتمەداران ڕۆڵیان بووە لە بێدەنگ بوون و پاشگەز نەبوونەوەیان .

٦- ئەوە مەنهەجی ئەهلی بیدەع و گومڕاکانە کە بەدوای زەللـــــەو هەڵە و قسـەی موجمەل و ناڕوونی زانایاندا دەگەڕێن و وەکو هەلێك دەیقۆزنەوە و بەکاریدەهێنن، وەکو ئەمانەی لای خۆمان ،کە لە هیچ شـــتێکی عەقیدەو مەنهەج و شوێنکەوتنی ئەهلی سوننەتدا شوێنی ئەو زانایانە ناکەون، بەڵکو ناوو ناتۆرەشیان لێ دەنێن و هەندێ جار گاڵتە بەعەقڵیشیان دەکەن لە شتی

تردا، بەڵام لەم مەسەلەدا سەر زمان و بن زمانیان لە جیاتی ئەوەی بەڵگەی ئایەت و فەرموودە بۆ کارە کانیان بهێننەوە - کە مەحاڵە بتوانن - دەچن خۆیان بە فەتوایەکی خێرای سەرپێی ئەوانەوە هەڵواسیوە و وادەزانن لەو لادانەگەورەی کە لە مەنهەجی قورئان و سوننەت و ڕێبازی ئەهلی سوننەت تووشی بوونە ئەوە فریایان دەکەوێت!

٧- حەقیقەتێکی حا شا هەڵنەگرە و هیچ کە سێك کەمترین زانستی شەرعی هەبێت ناتوانێت نکوڵی لێ بکات ئەویش ئەوەیە: قسەی زانایان خۆی بۆ خۆی بەڵگە نییە بەڵکو پێویستە بەڵگەی لە کیتاب و سونەت بۆ بهێنرێتەوە ئەوجا وەردەگیرێت، ابن تیمیة (رحمه الله) فەرموویەتی: (وَلَيْسَ لأَحَدٍ أَنْ يَحْتَجَّ بِقَوْلِ أَحَدٍ فِي مَسَائِلِ النِّزَاعِ وَإِنَّمَا الْحُجَّةُ النَّصُّ وَالإِجْمَاعُ، وَدَلِيلٌ مُسْتَنْبَطٌ مِنْ ذَلِكَ تُقَرَّرُ مُقَدِّمَاتُهُ بِالأَدِلَّةِ الشَّرْعِيَّةِ لَا بِأَقْوَالِ بَعْضِ الْعُلَمَاءِ؛ فَإِنَّ أَقْوَالَ الْعُلَمَاءِ يُحْتَجُّ لَهَا بِالأَدِلَّةِ الشَّرْعِيَّةِ لَا يُحْتَجُّ بِهَا عَلَى الأَدِلَّةِ الشَّرْعِيَّةِ)[1].

واتە: لەو مەسەلانەی کە ناکۆکی لێ دەکەوێتەوە، کەس بۆی نییە قسەی کەسێك بکاتە بەڵگە، بەڵکو بەڵگە تەنها لە دەقی قورئان و سوننەت و یەکدەنگی ئوممەتدایە، یان بەڵگەیەکی هەڵێنجراو کە پێشەکی و سەرەتاکانی بە بەڵگەی شەرعی نەك بە وتەی هەندی لە زانایان بڕیاری

[1] - مجموع الفتاوى (٢٦/ ٢٠٢)

لەسەر بدرێت، چونکە قسەی زانایان پێویستیان بەبەڵگەی شەرعییە و نابنە بەڵگە بەسەر بەڵگە شەرعییەکانەوە.

جا ئەگەر وەکو ئەم حاڵەتەی لێرە باســـی دەکەین ابن باز و ابن عثيمين نەبێت، مالك و شافیعی و ابن تيمية وابن القيم يش بێت، یان هەر زانایەکی گەورەی تر ، قســـەکە یان وەر ناگیر ێت و ڕە تدەکرێتەوە، چونکە فەتوای ڕێگەدان بە بەشـــداری کردن لە هەڵبژاردن، هیچ جیاوازی نییە لە گەڵ فەتوای هەڵوەشـــاندنەوەی حوکمەکانی کیتاب و ســـونەت و ڕێگەدان بە حوکمکردن بە غەیری کیتاب و ســـوننەت و هاوبەشـــدا نان بۆ الله لە حوکمەکانیدا!

٨- پرســـیار لە شـــێخ (مقبل بن هادي الوادعي) کرا بەڕەحمەت بێت، کە شێخ هیچ پلەوپایەیەکی فەرمی نەبوو و لە ژێر فشاری کە سدا نەبوو تەنها بە بەڵگەی کیتاب و سونەت قسەی دەکرد و فەتوای دەدا، پێیان وت: حیزبە ئیسلامییەکان فەتواکانی ئەو زانایانە بڵاو دەکەنەوە سەبارەت بە ڕیگەدان بە بەشـــداری کردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان، ئێوە چی دەڵێن؟ شـــێخ مقبل بە ڕەحمەت بێت فەرمووی: (أقول: هذا باطل ، فتوى الشـــيخ ابن باز باطلة ، وفتوى الشـــيخ ابن عثيمين باطلة، وفتوى الشـــيخ الألباني بالترخيص للجزائريين في دخول الانتخابات باطلة، فإن الله لم يقل : الانتخابات حرام إلا لكم يا أيها الجزائريون لشـــيخ ابن باز والشـــيخ ابن عثيمين والشـــيخ

الألباني علماء أجلاء ، والعالم إذا أخطأ خطأ واحداً وله فضـــائل كثيرة فأهل العلم يقولون : ينبغي أن يغمر ذلك الخطأ في فضائله ، فهذا قول أهل العلم من زمن قديم). واته: من دەڵێم: ئەوە قسەیەكی باتڵ و پووچەڵە! فەتواكەی ابن بـاز بـاتڵەو حەقی نەپێكـاوە، فەتواكەی ابن عثیمین بـاتڵە و حەقی نەپێكاوە، فەتواكەی ئەلبانی كە ڕێگەی بە جەزائیرییە كا ندا بەشـــداری هەڵبژاردنەكـان بكەن بـاتڵەو حەقی نەپێكـاوە، چونكە الله نەیفەرمووە هەڵبژاردن حەرامە تەنها بۆ ئێوە نەبێت ئەی جەزائیرییە كان! هەروەها دەڵێت ئەو زانایانە هەڵەیان كردووە و هەڵە كانیان لەبەر باشـــییە كانیان چاوپۆشـــی لی دەكرێت .بەڵام گومڕا كان كە چاك دەزانن و دڵنیان ئەو زانایانە نە مەبەســتیان ئەوە بووە و نە ئەگەریش مەبەســتیان ئەوە بووبێت پێكـاویـانە، كورد واتەنی وەكو كەســێكن لافـاو ڕایماڵیبن و بەدوای چیلكەیەكدا بگەڕێت دەستی پێوە بگرێت، ئەگەریش سوور بزانن ئەو گژو گیا و چیلكەیە فریایای ناكەوێت، چونكە خۆیان خۆیان باش دەناســن كە لە ڕێبازی قورئان و ســونەت لایانداوە و ئینحیرافیان كردووە، چاك دەزانن حەقیان ون كردووە و لەســەر ڕێگای باتڵن، تەنها گرەویان بە هەر حاڵێك بووە لە سەر هێ شتنەوەی ئەندامان و دەستەبەر كردنی بڕێك دەنگدەرە بەو فەتوا باتڵانە .

٩- دواى ئەوە شـــێخ مقبل كە زانا و فەرمووده ناســـێكی گەورەیە و هیچ بەرژەوەندییەكی لاى كەس نەبوو لە ژیانیدا، بۆیە هەمیشـــە قسـەى حەقى دەكرد و گوێی بەلۆمەی كەس نەدەدا، لە وتەیەكیدا دەری دەخات ابن باز خراپ حالى كراوە و ئەو بە باشـــى لە مەسـەلەى هەڵبژاردن تێنەگەیشـتووە بۆیە فەتواى ڕێگەدانى دەركردووە، دەڵێت: (وأنا متأكد أنهم أرســـلوا إلى الشـيخ ابن باز واحد لحيته إلى سرته وهو في ظاهره أنه سـني ويقولون : يا شيخ كيف نترك المجال للشيوعيين ، والشيوعيون سيمنعونا من الدعوة ؟ - كما كانوا يأتون إلي - ثم يصدقهم الشيخ ، وإلا فهذه فتوى باطلة . فلا ينبغي أن نقلد فلا نقبل من الشـــيخ ابن باز ولا من الشـــيخ ابن عثيمين ولا من الشـــيخ الألباني أمراً إلا من كتاب الله ، ومن ســـنة رســـول الله ﴿ﷺ﴾ والله المستعان) واتە: من دڵنیام ئەوان كەسێكیان بۆ لاى شیخ ناردووە بەرواڵەت ڕیش درێژ و ئەهلی سوننەت، پێی وتووە یا شیخ چۆن بوار بۆ ماركسییەكان بكەینەوە و دواتر ڕێگەمان لێدەگرن لە بانگەوازكردن و شـــیخیش باوەڕی پێكردوون...نابێت هیچ قسەیەك نە لە ابن باز و نە لە ابن عثیمین و ئەلبانى قبوڵ بكەین بەبێ بەڵگەى كیتاب و سونەت .

١٠- هەر زانـایەك ئەگەر فەتواى داوە بەشـــداریكردن لە هەڵبژاردن ڕێگەپێدراوە لە شــەرعدا، پێویســـتە پرســـیارەكەى بە شـــیكراوەیی و بە شـێوەیەكی تر لێ بكرێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیابین ئایا ئەو موفتییە لە ترسـناكی

ئەو بابەتە تێگەیشـــتووە كە قســـەی تێدا كردووە یان نا، بۆیە پێویســـتە لێی بپرسین:

- ئایا تۆ زانیوتە كە دیموكراســـی كە بەواتای حوكمی گەل دێت و بریتییە لە بڕبڕەی پشتی هەڵبژاردن، بنەما و كۆڵەكەی هەڵبژاردنە؟
- ئایا درووســـتە دەنگ بۆ بەرپاكردن و پەیڕەوی كردن لە دیموكراســـی بدەیت لە كاتێكدا دیموكراســـی بەتەواوی لەگەڵ ئیســـلامدا وەكو عەقیدەو شەریعە دژوارە؟
- ئـایـا تۆ دەزانیـت لە پەرلەمـانـدا هیچ پیرۆزییەك یـان پـارێزراوی و حەسـانەتێك بۆ هیچ حوكمێكی ئیسـلام نامینیت و هەمووی دەخرێتەوە دەنگدانەوە، زۆرینە لەســـەر چی ڕێككەوتن هەر ئەوەیە، بە بێ گوێدان بەوەی لە قورئان و لە سوننەتدا حوكمیان چییە و چۆنە؟
- ئا یا تۆ دەزانیت ئە ندا مانی پەرلە مانە كان، هەموو یان ڕۆڵی ئەر باب دەبینن و تەشریع دەكەن و ئیســلامیش لە هەندێ مەســەلەدا بەلایانەوە سەرچاوەی یاسا دانان نییە؟
- ئا یا تۆ دەزانیت ئەو كەســـەی كە بەفەتوای تۆ دەچێت بۆ پەرلە مان، یەكەم كاری سوێند خواردنە لەسەر جێبەجێكردنی دەستور، كە دەستور لە زۆررێك لە مادەكانیدا لە گەڵ ئیسلامدا ناكۆكە؟

- ئایا درووستە بە قورئان سوێند لەسەر دژایەتی حوکمەکانی قورئان بخورێت؟ ! ئایا تۆ دەزانیت لە پەرلەمان حوکم بۆ گەل و بۆ زۆرینەیە نەك بۆ الله پاشان پێغەمبەرەکەی ﴿صلى الله عليه وسلم﴾؟
- ئا یا دەزانیت (إن الحكم إلا لله) لەویٚ دەگۆڕێت بە (إن الحكم إلا للشعب)؟
- ئایا تۆ دەزانیت ئەو کەسەی کە بەفەتوای تۆ دەڕواتە ئەو پەرلەمانە، نوێنەری خەڵکە و وەکیل و بریکاریانە بۆ ئەو هەموو لادان و دژایەتیکردنە بۆ دینی ئیسلام و ئەوان بە فەتوای تۆ گومرا دەبن و ئەو کارە دەکەن، ئایا دەزانیت ئەو کەسە تاوانی هەموویان هەڵدەگریت؟
- ئا یا تۆ دەزانیت ئەمانەی کە بۆ پەرلەمان دەڕۆن بە ناو ئیسلامەوە، وابەستەبوونیان بە ئیسلامەوە لاوازەو لە ئەلفوبێی عەقیدە تێنەگەیشتوون و ناشیانەویت تێبگەن و گاڵتەشیان بەوانە دێت زۆر باسی عەقیدە دەکەن؟ ئا یا دەزانیت هەندێ لەوانە بە زمانی خۆ یان دەڵێن ئێمە بەرنامەی ئەوەمان نییە ئیسلام فەرمانڕەوا بێت و داوای جێبەجێکردنی شەریعەت ناکەین! بەڵکو لەوەش زیاتر ئەوان لە زۆر بیروباوەڕەکانیاندا لە گەڵ عەلمانیەکاندا کێبڕکێ دەکەن و لە سیاسەت و لە ڕاگەیاندن و لە ڕواڵەتیش بە زۆر لە عەلمانییەکان جیادەکرێنەوە؟

- ئایا دەزانیت ئەو ئەندام پەرلەمانە بەناو ئیسلامیانە جەهل و ڕازیکردنیان بۆ عەلمانیەت و عەلمانییەکان سنووری نییە، تێیاندایە بەبێ هیچ شەرمکردنێك لەسەر شاشەکانەوە

پێناوی ڕیکلامکردن بۆ خۆیان و ڕازی کردنی ناحەزانی دینەکەیان دەڵێن: نوێژ کردن لە ئیسلامدا جۆریکە لە سەماکردن ! پێشنوێژیش مایستڕۆیە و نوێژخوێنان ئاراستە دەکات بۆ سەماکردن و خۆ بادان و خۆ جوڵاندنەوە؟ کە ئەم قسەیە سەرەڕای ئەوەی خاوەنەکەی دڵۆپەیەك شەرمی نەماوە لە ترسی ئەوەی ناوی دەرنەچێت، هاوکات ڕەنگە بەراورد بە زۆر قسەی تریان زۆر ئا سان و ئا سایی بێت! چونکە ئەوان ئە سڵەن لە عەقیدەو بیروباوەڕ و مەنهەجی ئەهلی سوننەت تێنەگەیشتوون، هەرکام لەوانە چەندین ڕەخنەی ناراستەوخۆی لە ئیسلام هەیە بە تایبەتی ڕەخنە لە فەرموودە کان و لە تێگەیشتنی زانایانی سەلەف!

زۆر لە شەرعی ئیسلام بێ ئاگان و بۆ ئیش و کار و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و لایەنەکانیان لەوێن.

ئەی ئەو کەسەی کە فەتوای بەشداری کردنت لە هەڵبژاردندا داوە هەرکێ هەیت! ئەگەر هەموو ئەمانە دەزانیت و هەر دەڵێیت بەڵێ بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا درووستە و جائیزە دەنگیان پێ بدەن و، ئەندام بوون لەو پەرلەمانە کێشەیەکی شەرعی تێدا نییە!

ئەوا خۆت پێناســەی خۆ تت کردووە و وەڵامێکی ڕوو نت بە هەموو ئەو کەســانەش داوە کە تۆ بە زانا دەزانن وئیتر کەیفی خۆیانە بەو حاڵەشــەوە ئەگەر هەر بە قسەت بکەن و هێشتا هەر بە زانات بزانن!

بۆ ئەوانەش کە تۆ بە گومڕاو گومڕاکەر دەزانن لەبەر ئەو فەتوایەت، بە هەمان شــێوە وەڵامێکی ڕوون و پێناســەیەکی ڕاســتی خۆتت بۆ کردوون و هەردوولایانت ئاسوودە و (على بينة) کردووە دەربارەی خۆت و جوان لێت تێگەیشــتوون، ئەگەریش لەوانەی کە باســکرا و دەیان کارەســاتی تر بێ ئاگایت و فەتواکەت بەبێ زانست و ئاگاداربوون لەو کارەساتانە داوە، ئەوا بڵێ پەروەردگارم هەڵە بووم و تەوبە لەو تاوانە گەورەیە دەکەم و شەرمەزارتم کە بە نەزانی خۆم بووم بە هۆکاری گومڕاکردنی خەڵك و سەرم لێ شێواند.

بۆیە ئەی موســوڵمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی اللە پێت دەڵێم: لە خشــتە نەچیت!

چونکە بەهەموو شــێوازێك هەوڵت لەگەڵ دەدرێت تۆیش وەکو خۆیان لەخشتەبەرن و بتکەنە پەیژەی سەرکەوتن بۆ ئامانجەکانیان! دڵنیابە دوای ئەوەش کە دینەکەت لەکەدار دەکەن و ئەوەی دەیانەوێت پێت دەکەن، ئینجا بە عەقلیشــت پێ دەکەنن ودەڵێن: یاخوا ئەمانە هەروا بەدینەکەیان نەفام بن دوور بن لە زانســتی شــەرعی، بۆ ئەوەی لە هەموو هەڵبژاردنێکدا بەو شێوە بیانکەین بە پەیژەی سەرکەوتنی خۆمان.

## بەشداری کردن لە هەڵبژاردن مەسەلەیەکی ئیجتیهادی نییە!

هەڵبژاردن بەو هەموو لادان و ئینحیرا فاتەی لە ڕووی عەقیدەوە لە خۆی گرتووە، مەحاڵە بابەتێکی ئیجتیهادی بێت و مەسەلەیەکی خیلافی بێت، چونکە لە بابەتە گەورەکانی عەقیدەدا خیلاف و ئیجتیهاد نییە، پرسگەلێکی وەکو (الحكم بما انزل الله) کە هەڕەشەی سەخت لە دژی ئەوانە هاتووە ئەنجامی نادەن، یان مەسەلەی (الولاء والبراء) کە کۆڵەکەیەکی گرنگی تەوحید و بیروباوەڕی ئیمانداروو لە هەڵبژاردندا بوونی نامێنیت،یان مەسەلەی (مرجعية القرآن و السنة) کە ئەلف و بێی عەقیدەو تەوحید وا دەخوازێت موسوڵمان تەنها و تەنها و ئەو دوو سەرچاوە بکاتە مەشخەڵی ڕێگە بۆ دونیا و دوارۆژی و دەیان مەسەلەی تری هاو شێوە کە لە سیستمی دیموکراسیدا وەلا دەخرێن و هەر حیسابیشیان بۆ ناکرێت، چۆن موسوڵمان دەتوانیت بڵێت مەسەلەیەکی خیلافییە:

وَلَيسَ يَصِحُّ في الأَفهامِ شَيءٌ ****** إِذا اِحتاجَ النَهارُ إِلى دَليلِ

بە دڵنیاییەوە مەسەلەی هەڵبژاردن و دەنگدان لە ڕووی شەرعییەوە نە ئیجتیهاد هەڵدەگرێت و نە خیلافیشی تێدای، بەڵێ ڕاستە لە هەندێ مەسەلەی عەقیدەدا و لە بازنەیەکی تەسکدا خیلاف لە نێوان زانایاندا درووست بووە، وەکو مەسەلەی بینینی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەروەردگاری

لە شـــەوی ئیسرـــائو میعراجدا، یان ســـزای ناو گۆڕ ئایا لەســـەر گیانە یان لەسەر گیان و جەستەشە و چەند پرسێکی لەو شێوە، بەڵام ئەوە وەکو وتمان لە چەند مەســـەلەیەکی دیاریکراودایە کە لە بنەما گەورەکانی بیروباوەڕدا نییە بەراورد بە حاکمییەتی اللہ و ســـپاردنی شـــەرعدانان بە مرۆڤەکان و گومراییەکانی تری هەلبژاردن.

هەموو ئەو قەدەغەکراوانەی کە هەڵبژاردن و دەنگدان لە خۆی گرتوون دەقی ڕاشکاوی قورئان و سوننەتی لەسەرە و لە پرسە گەورەکانی عەقیدە و بنەماکانی بیروباوەڕە، بنەمایەکی ئو صوڵی کارپێکراوی شمان هەیە کە بریتییە لە: (لا اجتهاد مع النص) واتە: لە هەبوونی دەقی کیتاب و سوننەتدا لەسەر مەســـەلەیەك، ئیتر واتا و بوارێك بۆ ئیجتیهاد و ڕا و تێگەیشـــتنی کەســـێتی نامێنێت.

هەر بۆ نموونە: ئەگەر هەرچی حیزبە ئیســـلامییەکانی ســـەر زەوی هەیە بە یەك دەنگ بڵێن دیموکراسی سیستمێکی باشە و گونجاوە بۆ ئەم ڕۆژگارەی خۆمان کاری پێبکرێت و ئەگەر ئەوان باوەڕی تەواو یان پێی هەبێت و هە شیانە! ئەوە وا ناکات دیموکرا سی لە گەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا دژوار نەبێت و وەریبگرین! یان لەبەر ئەوەی ئەوان بە باشـــی دەزانن و باوەڕیان پێیەتی ئیتر ببێتە مەســـەلەیەکی خیلافی و ئیجتیهادی! حاشـــا و مەحاڵە تا ڕۆژی قیامەت نابێتە مەسەلەیەکی ئیجتیهادی و خیلافی !

یان لەبەر ئەوەی ئیسلامییەكان لە هەر شوێنیكی ئەم دونیایەدا بەشداری كردنیان بۆ خۆیان شەرعاندووە و بەبێ هیچ بەڵگەیەكی قورئان و سونەت و تەنها بە بەڵگەی ڕێگەپێدانی چەند زانایەك چوار ساڵ جارێك خۆیان دەخەنە ئەو زەلكاوە ترسناكەی هەڵبژاردنەوە ئیتر ئەوە بەڵگە بێت كە مەسەلەی دەنگدان مەسەلەیەكی خیلافییە، نەك ئەوان هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لە سەر حەڵاڵ كردنی حەرامێك یان حەرام كردنی حەڵاڵێك كۆك بن یەكدەنگیان هیچ بایەخێكی نییە !

اللّه تعالی فەرموویەتی: ﴿وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ﴾[1] . هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾[2].

زانایانیش ناتوانن و بۆیان نییە نە هیچ حەڵاڵ بكەن و نە هیچ حەرام بكەن، تەنها پرسیاریان لێ دەكرێت و لە ڕوناكی بەڵگەكانی كیتاب و سوننەتدا وەڵام دەدەنەوە نەك تەشریع بۆ خەلكی بكەن، ئەگینا ئەوانیش وەكو ئەندام پەرلەمانەكان دەبنە شەرعدانەر و ئەرباب!

---

[1] - {النحل:١١٦}.

[2] - {النساء:٥٩}.

الله تعالى فەرموویەتی: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾[1]، بۆیە ئەوان تەنها پرسیاریان لێ دەكرێت و ئەوانیش بەبەڵگەی ئەو دوو سەرچاوەیە وەڵام دەدەنەوە وەكو الله تعالى فەرموویەتی: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[2].

ئینجا ئەوە پیشەی بیدعەكاران و گومڕاكانە تەقلیدی كوێرانەی زانایان بكەن و بە دوای هەڵەكانیاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی بە گوێیان بكەن تێیدا، خۆ هەرچی خیلافێك درووست بوو مەرج نییە جێگای بایەخدان بێت، ڕەحمەت لەو كەسەش كە فەرموویەتی: (ولیس كل خلاف جاء معتبرا إلا خلاف له حظ من النظر) واتە: هەر خیلافێك كە درووست بوو مەرج نییە خیلافێك بێت شایانی ئاوڕلێدانەوە بێت، مەگەر خیلافێك بێت كە شایستەی ئەوە بێت تاوتوێ بكرێت و لێی وردبیتەوە.

هەڵبژاردن بەو هەموو موسیبەتانەی كە بۆ دین و دونیا لە خۆی گرتووە، مەحاڵە نە خیلافێكی بەهێز و نە خیلافێكی وەكو ماڵی جاڵجاڵۆكە لاوازیشی لەسەر بێت، چونكە لە مەسەلەی خیلافیدا عیبرەت بەو بەڵگانەیە كە خیلافەكە لەسەر بنەمای درووست دەبێت، نەك ئەوەی هەر بێ ئاگایەك، یان خاوەن بەرژەوەندی و زۆر زانێك، یان كەسێك لە ژێر فشارێكی

[1] - {التوبة:٣١}
[2] - ( النحل:٤٣)

سیاسیدا بەبێ بەڵگەی کیتاب و سونەت سەرپێیی قسەیەکی نابەجێی کرد وەکو ڕێگەدان بە هەڵبژاردن ئیتر ئێمە بڵێین تەواو مەسەلەکە ئیجتیهادی و خیلافییە، نەخێر هەرگیز وا نییە و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن بۆ کەسێك لە ئەلف و بێی بیروباوەڕ تێگەیشتبێت جێگای هیچ خیلاف و بیرکردنەوەو مشتومڕێك نییە.

ئەو وتەی کە بڵاو دەکرێتەوە و پەرەی پێدەدرێت لە ناو موسوڵما نا ندا سەبارەت بە هەڵبژاردن و دەنگدان گوایە مەسەلەیەکی خیلافییە یان ئیجتیهادییە، لە ڕاستیدا جۆرێکە لە خۆڵ لە چاو کردن و بچووك کردنەوەی پرسێك کە دەکرێت وەکو (الحالقة) ناوببرێت، لە دەرەنجامیشیدا نەدین و نە ژینی موسوڵمان تێیدا بەسەلامەتی و بەبێ لەکەدار بوون لێی دەرباز نابێت !

ابن القاسم لە حاشیەکەیدا لەسەر کتێبی التوحید سەبارەت بە ئایەتی: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾[1] دەڵێت: (دلت على أن من أطاع غير الله في تحليل ما حرم الله، أو تحريم ما أحله فقد اتخذه ربا ومعبودا، وجعله لله شريكا، وذلك ينافي التوحيد، فكل معبود رب، وكل مطاع ومتبع على غير ما شرعه الله ورسوله ﷺ فقد اتخذه المطيع ربا ومعبودا، والرب هو المعبود، ولا يطلق معرفا إلا على الله تعالى، قال تعالى:

---

[1] - {التوبة:٣١}

{وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ}. واته: ئايەتەكە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات هەركێ گوێڕايەڵی غەيری الله تعالی بكات لە حەڵاڵ كردنی حەرامێك ( چ حەرامێك هەيە لە حەرامی هەڵبژاردن و پەكخستنی حوكمی الله گەورەتر بێت) دەفەرمويت ئەو كەسە وەكو ئەوەيە زانای بە پەروەردگار دانابێت و كردبێتی بە هاوەڵ بۆ الله ، ئەو كارە لە گەڵ عەقيدەی تەوحيددا تێكدەگيرێت.

ئەوەی كە دەگونجێت خيلافی تێدا هەبێت بريتيیە لە.

١- بەڵگەيەكی ڕوونی كيتاب و سوننەت يان ئيجماعێك كە بەدڵنياييەوە لەسەری درووست بووبێت .

٢- مەسەلەيەك بەڵگەيەكی سەحيحی لەسەر هاتبێت، بەڵام ئاماژەی بەڵگەكە ڕوون و ئاشكرا نەبێت لەسەر ئەو مەسەلە.

٣- يان لە مەسەلەيەكدا بەڵگەيەكی ڕاشكاو هاتبێت لە ڕووی ئاماژەوە، بەڵام ناكۆكی لەسەر ڕاست و درووستی ئەو بەڵگەيە هەبێت، يان بەڵگەيەكی پێچەوانەی ئەو هەبێت سەحيحتر بێت، هەر بۆيە لە هيچ مەسەلەيەكی عەقيدی گەورەدا خيلاف لە نێوان سەلەفدا درووست نەبووە، جگە لە چەند مەسەلەيەكی كەم نەبێت كە ناگاتە ئەوەی بە يەكێك لە بنەما گەورەكانی عەقيدە بژمێردرێت.

لە كۆتاييشدا پرسيارە گرنگەكە ئەوەيە: ئايا كاركردن بە ديموكراسی كە بريتيیە لە حوكمی گەڵ نەك حوكمی پەروەردگار و دەنگدان لە سەر

حوکمەکانی قورئان و سوننەت و وەرگرتنیان بە پێی زۆرینە و دەستەبەرکردنی ئازادی بیروڕا لە هەموو شتێکدا تەنانەت مافی وازهێنان لە دینی ئیسلام و سوێند خواردن لە سەر جێبەجیکردنی هەموو ئەوانەو دەیان مەسەلەی هاوشێوە کە پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە و لە هەڵبژاردندا مافێکی دەستەبەرکراوە ؟ ئایا ئەوانە پرسی خیلافی و ئیجتیهادین؟! ما لكم كيف تحكمون؟



## یوسف (علیه السلام) لە هەموو جۆرە شیرکێك بەرییە!

لە گەرمەی گەڕانیا ندا بە دوای هەر بەڵگەیە کدا بۆ ئەوەی لادانە کانی خۆیانی پێ پینە بکەن، ئەوانەی باوەڕیان بە لادان و گومڕابوونی دەنگدان هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا، دەڵێن پێغەمبەر یو سف (علیه السلام) بە شداری لە حکومەتێکی ناموسوڵمان و بێ باوەڕدا کردووە، مەبەستیان ئەوەیە گوایە ئەمان چی ئینحیراف و لادانیان لە عەقیدەو بیروباوەڕدا کردووە، لە خۆ یانەوە نە یانکردووە، بەڵکو پێشینێکی گەورەو بەڕێز یان هەیە ئەویش یوسف ە علیه السلام؟! (سُبْحَانَكَ هَٰذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ).

ئەمەش لە ڕاستیدا بوختانێکی گەورەیە بۆ ئەو پێغەمبەرە نازدار و قەدر گرانە دەیکەن، کە ئەو و تەواوی براکانی تا دەگاتە پێغەمبەر و پێشەوامان محمد ﴿صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ﴾ هەڵگری ئاڵای تەوحید بوونە و کرۆکی بانگەوازەکە یان لە سەر ئەو بناغەیە بونیات ناوە! ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ... ﴾[١].

﴿ وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ﴾[٢] لەم بارەوە چەند خاڵێکی خێرا دەخەینەروو:

---

[١] - [النحل: ٣٦]

[٢] - [الزخرف: ٤٥].

١- یوسف علیه السلام کاتێك لە زینداندا بوو، بەو حاڵەتە ناخۆشەی کە تێیدابوو، بەرائەتی خۆی لە هەموو شیرك و بتپەرستییەك ڕاگەیاند و بە ئاشکرا بە هاوزیندانیانی دەفەرموو: ﴿إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْرِكَ بِاللَّهِ مِن شَيْءٍ ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾[1] هەروەها نموونەی بۆ دەهێنانەوە بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات و عەقیدەی تەوحیدیان تێدا بچەسپێنێت و دەیفەرموو: ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ ئایا یوسف ێك کە لە کاتی زیندانی و لاوازیدا بەو شێوە بەرائەتی خۆی لە شیرك و موشریکان دەردەبڕ ێت، چۆن دواتر کە دەبێتە خاوەن دەسەلات و سەرپشك دەکر ێت لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە لەگەڵ موشریکاندا نەرمی دەنوینیت و لە هیچ بیروباوەڕێکی دادەبەزێت؟ !

٢- یوسف علیه السلام ئەو بەرپرسیارێتییەی بە شێوەیەکی ڕەها وەرگرت و دە سەڵاتی تەواوی پێدرابوو، نەك پلەو پۆ ستی لەو دە سەڵاتە وەرگرتبێت و هیچیشی بەدەست نەبێت، وەکو الله تعالی فەرموویەتی: ﴿إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا

[1] - یوسف/٣٨.

مَكِينٌ أَمِينٌ﴾[1] پاد شای میسر هەموو دە سەڵاتێكی تەواو و بێ نوقسانی بە یوسف علیه السلام بەخشیبوو، وەكو لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاءُ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾[2] بۆیە هیچ كە سێك توانای ڕەخنە و ڕێگری كردنی نەبوو لە هەر بڕیار و هەنگاوێكی یوسف علیه السلام كە هەڵیدەگرت.

ئایا ئەمانەی ئەمڕۆ كە دەچنە پەرلەمان بەو شێوەن؟ نەخێر حاشا وانین و ئەرزو ئا سمانیان بەینە لە گەڵ یو سفدا علیه السلام! ئەندام پەرلەمان و هەر بەرپرسێكی باڵای ئەم سەردەمەی خۆمان كە لافی ئیسلامەتی لێدەدن پێش هەموو شتێك سوێند لە سەر جێبەجێكردنی دەیان بڕیاڕ و یا سای ناكۆك لە گەڵ ئیسلام و دژ بە بەرژەوەندی موسوڵمانان دەخۆن و دواتریش بەرانبەر ئەو سوێندخواردنەی خۆیان بە ئەكەمەك دەبن و شانازیشی پێوە دەكەن، ئەوەی الله تعالی پێی ڕازی نابێت و لە قورئان و لە سوننەتدا حەرام كراوە ئەوان ئەنجامی دەدەن و جێبەجێی دەكەن !

٣- ئینجا یوسف علیه السلام بە هیچ شێوەیەك سوور نەبوو لەسەر وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و بە دوا یدا نەدەگەڕا و هەوڵی بۆ وەرگرتنی نەدەدا، بەڵكو پاشای میسر۔ خۆی ناردی بە دوایدا و داوای لێكرد بەرپرسیارێتی تەواو

[1] - یوسف/٥٤.
[2] - یوسف/ ٥٦.

وەربگرێت، الله تعالى فەرمویەتی: ﴿وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مِكِينٌ أَمِينٌ﴾ بەڵام یوسف علیه السلام جۆری بەرپرســیارییەتەکەی دیاری کرد کە وەریدەگرێت و فەرمووی: ﴿اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾.

بە پێچەوانەی بەرپرسیارێتی ئێستا و ئەندامێتی ئەو شوێنانەی کە بە هیچ شێوەیەك حوکم بە فەرمانی الله تعالى یا شان پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾ ناکەن و ئەمانەش کە بە ناوی ئیسـلامەوە دەگەنە ئەو جێگەیە جگە لە پێکەوەنانی خۆیان لە ڕووی مادی و درووستکردنی جۆرەها پەیوەندی گوماناوی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەدەر لە ڕەزامەندی الله و مەسەلەی ولائوبەرائو جێبەجێکردنی تەوحید ومەرج و مافەکانی، هیچ خێرێکیان نە بۆ ئیسـلام و نە بۆ موسـوڵمانان نییە و نە لە تواناشـیاندا هەیە هیچ بکەن و نەکەسـیش حیسـابی سـەرکە تورێکیان بۆ دەکات ئەگەر باس بێتە سـەر شـەریعەتی ئیسـلام ، یەك وشـەش زیاد و کەم بڵێن کە بەدڵی ئەوان نەبێت، خۆیان و حیزبەکانیشـیان ئەگەر زۆرینەی ڕەهای دەنگی خەڵکیشـیان هێنابێت دەکەنەوە دەرەوەی پرۆسـەکە و تووشـی چەرمەسـەری زۆریشـیان دەکەن.

ئەوە نموونەی ئیخوان لە میسر، نەهزە لە تونس کە ڕاشـید غەنوشـی و عبدالفتاح مۆرۆ و ئەوانی تر کێبڕکێ لە گەڵ عەلمانییەکا ندا دەکەن لە

نا شیرینکردن و شێواندنی ئیسلام و هەر سوودیشی نەبوو بۆیان لە سەر دەسەڵات بمێننەوە!

٤- ئەو بەراوەردەش کەکردویانە لە نێوان خۆیان و یوسف دا علیه السلام ناتەواو و نەگونجاو و نابەجێیە و (قیاس مع الفارق) ە لە چەندین ڕووەوە، وەکو :

أ- ئەو وەزارەتەی کە یوسف علیه السلام وەریگرتبوو دەسەڵاتێکی جێبەجێکار بوو، نەك تەشریع و یاسا دانان و شەرعدانان کە ئەوە کاری الله تعالى یە نەك مرۆڤەکان! ئینجا یوسف علیه السلام وەکو ئەمان فەرمانبەرێك نەبوو هیچی بە دەست نەبێت و کەس حیساب بۆ قسەو فەرمانی نەکات، بەڵکو خاوەن دەسەڵاتی ڕەها و زۆر بوو و خۆی بەرزترین دەسەڵات بوو، هەموو توانا و پلەو پایە و دەسەڵاتەکەشی بۆ سەرخستنی ئیسلام و موسوڵمانان دەخستە گەڕ و بەکاری دەهێنا، نەك بۆ بەرژەوەندی خۆی و خێزان و خزم و حیزب و لایەنەکەی، یان وەکو ئەمان - حاشا لە ئەو - خەریکی ڕازی کردنی نەیارەکانی دینەکەی بێت و بەردەوام خەریکی تەنازول کردن و شێواندنی دەقەکانی قورئان و سوونەت بێت لە پێناو بەرژەوەندی کەسێتی خۆیدا و جگە لە پەیوەندی ئاشکرا پەیوەندی ژێربەژێر و لێکتێگەیشتن و چەندین بەرژەوەندی دارایی و سیاسی

لەگەڵیاندا هەبێت! ئەسڵەن بەراورد کردن لە نێوان ئەمانە و ئەو انەدا تاوانە و هەڵەیەکی لۆژیکی و ڕەوشتی گەورەیە!

ب- جیاوازییەکی تری گەورە لە نێوان ئەمان و ئەودا ئەوەیە، وەزیر و فەرمانڕەوا و خاوەن دە سەڵاتی ئێستا دەبێت ڕێز لە د ستور بگرێت و وەکو خۆی جێبەجێی بکات با هەرچەند لە گەڵ بنەماکانی دینەکەشیدا ناکۆك بێت، پێویستە هەر لەسەرەتاوە پێش ئەوەی یەك خولەك لە کارەکەیدا دەست بە کار بووبێت، سوێند بە قورئان بخوات کە کار بە زۆرێك لە حوکمەکانی قورئان و سونەت نەکات و هەرچی فەرمانێکی بۆ بێت وەکو خۆی جێبەجیی بکات ئەگەر بەتەواوی لە گەڵ دینەکەشیدا ناکۆك و دژوار بیت! ئایا یوسف علیه السلام بەو شێوە بوو؟! حاشا ئەوە بوختانە و بۆ ئەو پیغەمبەرە دەیکەن کە هەڵگری ئاڵای تەوحید بوو .

ج - یوسف علیه السلام پێغەمبەرێك بوو لە لایەن الله تعالی وەحیی بۆ دەهات و الله تعالی خۆی فەرموویەتی کە لە هەموو خراپەیەك پاراستوویەتی:

﴿كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾ئایا ئەوە بۆ هیچ کەسێکی تر لەبارە و بەردەستە الله خۆی ئاراستەی بکات و ڕاستەوخۆ ڕاست و هەڵەی بۆ دیاری بکات؟

٥- وەرگرتن و قبوڵکردنی یوسف علیه السلام بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە بە فەرمانی پەروەردگاری بووە و لە خۆیەوە نەبووە، وەکو فەرموویەتی: ﴿كَذَلِكَ

مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاءُ وَلاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەو مەعسوم بووە لەو كارە یدا و لە ژێر چاودێری ڕاســتەوخۆی پەروەردگار یدا بووە و لە خۆیەوە هیچی نەكردووە، ئایا ئەمانە بەو شــیوەن؟! ئامانە بەرنامەكەی خوا لەبەردەستیاندایە و حوكمەكانی كیتاب و سـوننەت بەڕۆژی ڕوناك پێشـێل دەكەن و كاری پی ناكەن.

ئایا كە سوێند لە سەر جێبەجێكردنی دەستور دەخۆن وەحیان بۆ دێت وەكو چۆن بۆ یوسف علیه السلام وەحیی بۆ دەهات و لە هەموو شتێك ئاگاداری دەكردەوە؟ !

٦- یوســف علیه الســلام دڵنیا كرابوویەوە لە ســەغڵەتكردنی ڕژێمی ئەو سـەردەمە و لە لایەن الله عزوجل دەسـەڵاتی جێبەجێكردنی ئیسـلامی پێ درابوو، وەكو الله تعالی فەرموویەتی: ﴿وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ﴾[1] كەواتە ئەوە دەسـەڵات پێدانێكە لە لایەن پەروەردگارەوە بۆ یوسـفی بەندەو پێغەمبەری و ئیتر كەس نە دەتوانێت ز یانی لێ بدات و نە كەس توا نای هەیە لەســەر كارەكەی لایبەرێت! ئیتر نە پادشـــا و نەكەســی تر توانای ڕێگەگرتنی نییە لە یو سف علیه الـسلام ئەگەر بیەوێت هەر بڕیارێك بدات و هەر ڕێوشــوێنێك لە بەرژەوەندی دینی الله و موەحیداندا بگرێتە بەر، بەڵكو

---

[1] - یوسف/ ٢١.

خودی مەلیك حەسانەت و پارێزراوییەكی تەواو تەواوی بە یوسف دا علیه السـلام دابوو كاتێك كە پێی وت: ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾[1] بۆیە هیچ بەراوردێك لە نێوان ئەمانەی ئێستا و ئەو پێغەمبەرە مەزنەدا نییە و ئیشەكانیان جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانی لە نێواندا هەیە.

٧- یوسف علیه السلام بە شەریعەت و دینی الله لە میسر حوكمی دەكرد، نەك بە دین و یاسای مەلیكی میسر، ﴿كذلك كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مِّن نَّشَاء وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾[2] ئەمەش جیاوازییەكی جەوهەری گەورەیە هیچ بەراورد كردنێك لە نێوان ئەوو ئەمانەی سەردەمی خۆماندا ناهێڵێت ! ئەمڕۆ ئەوانەی بەناوی ئاینییەوە بەشداری پەرلەمان دەكەن تێكڕای شەریعەتی ئیسلام بخرێتە دەنگدانەوە، نەك هیچیان پێ ناكرێت، بەڵكو ئاساییە بەلایانەوە و لەسەر ئەوەش هەر لەسەرەتاوە سوێندیان خواردووە كە ڕازی بن بە هەموو شتێك، بەڵكو زۆر جار ئیسلامییەكان لە زۆر وڵاتی دونیادا دەڵێن ئێمە نامانەوێت شەریعەتی ئیسلام جێبەجی بكرێت و هەوڵیان تەنها بۆ خزمەتی گەلە و بۆ ئاسوودەیی و دابینكردنی خزمەتگوزاری و ژیانی ئاسوودە و خۆشە بۆ ئەوان كە بێگومان ئەوەشیان هەر پێناكرێت!

---

[1] - یوسف/ ٥٤.

[2] - یوسف/٧٦.

ئیتر چۆن ئه مانه و یوســـف علیه الســـلام بخرێنه  تای یەك تەرازوو له باسکردندا؟!

له کاتێکدا ئەمانەی ئێستا كه به شداری کردنی یو سف علیه السلام ده‌که‌نه بەڵگه به کۆت و زنجیری یاسای ناکۆك له گەڵ دین و سیستمی دیموکراسی و عەلمانییەت و لەوانەش ترسناکتر به جەهلی خۆیان به ئیسلام بەند کراون و ئابلۆقه دراون.

٨- له لایەکی ترەوە کارکردنی یوسف علیه السلام لەو حکومەتەی میسردا، دەچێته چوارچێوەی ئەوەی زا نا یان پێی دەڵێن: (شرع من قبلنا) الله تعالی فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ جعلنا منكم شِرعةً ومنهاجاً﴾[1] بۆیه ئەگەر بێت و یوســـف علیه الســـلام بەدوای ئەو پلەو پایەشـــدا بگەڕایه بۆ ئێمه نەدەبوویه بەڵگه، چجای كه له بنچینەوە بەدوایدا نەڕۆیشـــتووە و خۆیان داوایان لێ کردووە و الله تعالی یش دەسەڵاتی لەو بارەوە پێ بەخشیوە.

٩ - یوسف علیه السلام پێغەمبەرێکی موسوڵمان بوو، دەسەڵاتی گرته دەست بەســـەر کەســـانێکی بێ باوەڕدا له وڵاتێکدا بنچینەکەی بێ باوەڕی بوو، بەم شێوەش باڵا دەستی ئیسلام به سەر بێ باوەڕاندا هاتەدی، بەڵام ئەوەی كه لەم ڕۆژگـــارە ڕوو دەدات هەر زۆر لەوە جیـــاوازە و ئەوانەی كه دەچنه

[1] المائدة: ٤٨.

پەرلەمان لە ئەوپەڕی لاواز یدا لەوێ دەبن و مێژووی هاوچەرخی هەموو ئەوانەی كە چوونەتە ئەو شوێنە شاهیدە زۆربەیان بۆ گیرفان پر كردن و سەفەری وڵاتان و دەستەبەركردنی خۆشگوزەرانی خۆیان و خێزان و نزیكەكانی خۆی چوونە، ئەوە شی كە بەرا ستەوە بۆ خزمەتی ئیسلام چووە هەر زوو دەستی بەستراوەتەوە و ڕێگەی پێنەدراوە یەك هەنگاو لەو ئاراستەدا بنێت، بۆیە هەندێ لە ئیسلامییەكان جاری وا هەیە حكومەتیش دەگرنە دەست وهیچیان پێ ناكرێت! تەنانەت ناتوانن عارەقخواردنی ئاشكرایش لە هیچ شوێنكێدا قەدەغە بكەن، یان جێگای لەشفرۆشی نەك دابخەن، ناتوانن مۆڵەتی لەشفرۆشەكانیش تازە نەكەوە! ئیتر - ئەگەر دەنگدان درووستیش بوایە! دەبێت دەنگیان بۆ پێ بدرێت و دڵ بەچییان خۆش بكرێت!

١٠- هەندێ لە ئەهلی تەفسیر وەكو موجاهید بە ڕەحمەت بێت كە زانستی لە ابن عباس وەرگرتووە الله لێی ڕازی بێت، وتوویانە مەلیكی میسر- بووەتە موسوڵمان و لەسەر كوفر نەماوەتەوە، لەم حاڵەتەشدا ئەو گومانەیان لە بنچینەوە پوچەڵ دەبێتەوە، بەڵام لە ئەگەری ئەوەی كە موسوڵمانیش نەبووبێت، ئەوانەی باسمان كرد بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەشداری كردنی یوسف علیه السلام لەو دەسەڵاتەدا بەهیچ شێوەیەك ناگونجێت بۆ ئەمانەی ئەم سەردەمەی خۆمان كە بیكەن بەبەڵگە بۆ كارە ناشەرعییەكانی خۆیان.

پوختەی ئەم بابەتە: ڕێبازی پێغەمبەران ڕێبازی تەوحیدەو هیچ جۆرە شیرك و لادان و ئینحیرافێکی تێدا نییە و هەرکێ بە غەیری ئەوە وەســـفیان بکات بوختانی بۆ کردوون و، یوســـف یش علیه الســـلام نموونەی بەجێهێنانی تەوحید بووە و پێشەوایەکی گەورەی موەحیدانە.

## چەند پرسیارێك دەربارەی هەڵبژاردن!

**پرســیار ی یەکەم:** ئایا ئیســلامییەکان لە وڵاتەکانی خۆیاندا جگە لە کوردستان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە؟

**وەڵام:** بەڵێ لە باکســتان و تورکیاو وســوریا وســودان ومصرـ و کوەیت و ئەردەن بەشدارییان کردووە.

**پرســیاری دووەم:** ئایا هیچ لەو دروشــمانەیان جێبەجێ کرد کە بەرزیان کردبوویەوە؟

**وەڵام:** نەخێر نەیانتوانیوە شتێکی وا گەورە و دیار جێبەجێ بکەن لە ئامانج ودروو شمەکانیان، هەموو یا ساکانی ناکۆك لە گەڵ شەریعەتی ئیسلام هەر وەکو خۆیان ماونەتەوەو نە یانتوانیوە ببنە ڕێگر لە بەردەم بڵاوبوونەوەی فەســاد وســتەم و نادادگەری کۆمەڵایەتی و ســیاســی و دژایەتی کردنی ئیسلام .

**پرسـیاری سـێەم:** ئایا هەرگیز توانیویانە زۆرینە بەدەســت بهێنن و دەوڵەت پێك بهێنن؟

**وەڵام:** بەڵێ لە جەزائیر لە ساڵی ١٩٩١ الجبهة الإسلامية للإنقاذ زۆرینەیان هێنا، بەڵام بە زۆری هێز دەرەنجامەکانیان پێ هەڵوەشــاندنەوە و ســوپای جەزائیر و زلهێزەکانی دونیا بە تایبەت فەرەنسـا لە پشــتیانەوە نەیانهێشــت

بچنە سـەر کورسـی حوکم، هەر وەها لە میسرـیش کۆمەڵەی الإخوان المسلمین لە ساڵی ٢٠١٢ سەرکەوتن بۆ چڵەپۆپەی دەسەڵات لە میسردا و لە ماوەی ئەو سـاڵەی لەسـەر حوکم بوون نەك هیچ یاسـا و ڕێسـایەکی میسریان بەرەو ئیسلام پێ نەگۆڕدرا بەڵکو لەڕێگەی عبدالفتاح السیسی کە محمد مورسی سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسر ئەوی وەکو وەزیری بەرگری دیاری کردبوو، یان خۆی پێشـتر لەو کارەدا بوو بەڵام توانای ئەوەی نەبوو کە لەسەر کارەکەی لایبدات، بە پشتیوانی زلهێزەکانی جیهان وەکو ئەمریکا و ئەوروپا و پا شکۆکانیان کودەتایان بە سەردا کرد و ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوانی تریش زندانەکانیان پێ پڕ کرا و لەوێیش مورسـی و دەیانی تر لە سەرکردەکانی ئیخوان لە زیندانەکاندا دەمرن یان بە ناڕاستەوخۆ دەکوژرێن.

**پرسـیاری چوارەم:** ئایا بە بەشـداری کردنی ئیسـلامییەکان لە پەرلەمان، عەلمانییەکان سوودمەند ئەبن یان زەرەرمەند دەبن؟

**وەڵام:** لە بەشـداری کردنی ئیسـلامییەکاندا، عەلمانییەکان هیچ جۆرە زیانیکیان پێ ناگات و بە پێچەوانەشـەوە زۆر سـوودمەند دەبن، چونکە بە هۆی ئەوانەوە شەرعییەت بە ڕژێمی سیاسی و تەشریعی و دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە دەدرێت و سـەرۆك و دەسـەڵاتدارەکان ڕوخسـاری خۆیان بە هۆی ئەوانەوە جوان نیشان ئەدەن و هەروەها دەسەڵات لە ڕێگەی ئەوانەوە

بە وردی لە حاڵەتی ئیسلامی و خاڵە لاوازەكانی ئیسلامییەكان وچۆنییەتی دوورخستنەوەیان و سنووردارکردنی چالاكییان بەهرەمەند دەبێت.

**پرسیاری پێنجەم:** ئایا ئەو حیزب و لایەنە ئیسلامییانە كە بەشداری لە پەرلە ما ندا دەكەن، بەشدارییەكە یان لەسەر بنە مای لێكۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی شەرعییە؟

**وەڵام:** نەخێر ئەوەی لێی ورد نەبنەوەو گرنگی پێ نەدەن ئەو مەسەلەیە، ئەوان لە دیدێكی سیاسی پەتییەوە هەنگاو دەنین و هەر حیزبێك لەو حیزبانە چەند كەسێكیان وەكو واجیهەی ئایینی بۆ خۆیان داناوە حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەكەن و لە كوێ لە سەرزەویدا زانایەك قسەیەكی نامۆ و پێچیەوانەی كیتاب و سوننەتی كردبێت ئەوان خۆیانی پیدا هەڵدەواسن و سەر زمان و بن زمانیان هەر ئەوە دەڵێن ئەوە نییە ابن باز و ابن عثیمین و فلان و فیسار زانا و ونووسەر حەڵاڵیان كردووە، وەكو ئەوەی ئەو دوو زانا و ئەوانی دی مەعسوم بن یان ئەمان لە هەموو شتێكدا بە قسەی ئەوانیان كردبێت! ئەو چەند كەسانەی كە لە سەركردایەتی حیزبە ئیسلامیەكان بە سیمایەكی ئیسلامییەوە وەكو شارەزای شەرعی دادەنرێن هەمیشە بۆ داپۆشینی ئینحرافاتی ئەو حیزبانە دادەنرێن و ڕۆڵی خۆڵ لە چاوكردنی موسوڵمانان و ڕاكێشانیان بۆ حیزبەكانیان دەبینن لەڕێگەی ئاراستەكردنی گوتاری ئایینی و حەڵاڵ كردنی ئەو حەرامانەی لە بەرژەوەندی حیزب و

لایەنەکانیاندایە و هەروەها بە مەبەستی قۆستنەوەی هەلی جەهلی خەڵك بە ئیسلام و ئاسایی کردنەوەی بەزاندنی سنوورەکانی شەرع و عەقیدە لەلای ئەوان بەداخەوە.

**پرسیاری شەشەم:** ئایا ئەم شێوازە لە مومارەسەی دەسەڵات هاوشێوەی لە مێژووی ئیسلامدا هەیە و بەڵگەی شەرعی پشتگیری دەکات؟

**وەڵام:** نەخێر مەسەلەی هەڵبژاردن ودەنگدان و پەرلەمان بەم شێوەی کە ئێستە هەیە لە گەڵ بنەماکانی عەقیدەو بیروباوەری ئیسلامیدا بەتەواوی تێکدەگیرێت و ئەگەرچی خۆی حاڵەتێکی هاوچەرخ و نوێیە و لە مێژووی ئیسلامدا هاوشێوەی نەبووە وەکو وەسیلەیەك بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی حوکم، بەڵام کە پرۆسەکە بە بەش بەش تەماشای دەکەیت دەبینی لە هەموو بنەما سەرەکییەکانیدا لەگەڵ بنەمایەکی ئیسلامدا دژوارە و ناگونجێن !

**پرسیاری حەوتەم:** ئایا مەسەلەی بە شداری کردن و نەکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی چی وەکو دەنگدان یان خۆ کاندیدکردن مەسەلەیەکی خیلافییە و جێگای ناکۆکییە لە نێوان زانایاندا؟ یان مەسەلەیەکە پەیوەندی بە عەقیدەو مەنهەجەوە هەیە و قابیلی ئەوە نییە بە مەسەلەیەکی خیلافی وەسف بکرێت؟

**وەڵام:** لە بنچینەدا ناکۆك بوون و سەرپێچیکردن لەو مەسەلەدا پەیوەندی بە بواری بیروباوەڕ و مەنهەجەوە هەیە و ناکۆکییەکەشی لە گەڵ شەرع و

عەقیدەدا لەو جۆرەیە كە زانایان پێی دەڵێن: (معلوم من الدين بالضرــورة)، واتە لادانەكە لە ڕووی شــەرعەوە زۆر ئاشــكرایە و شــاراوە نییە تا خیلافی لەســـەر درووســـت بیت!، چونكە لە پەرلە ما ندا فەرمانی پەروەرگار ڕەتدەكرێتەوە وهەرچی لە قورئان و لە ســونەت و شــەریعەتی ئیســلامدا هاتووە وەكو تەشریع و وەكو سزاكان و بوارەكانی تریش هەمووی جارێكی تر و دووبارە دەخرێنە دەنگدانەوە و قابیلی دەستكاری و هەمواركردنەوەیە و لـە درێژایی مێژوودا نـەبووە دەنگـدان بـە زۆرینـە بۆ جێبـەجێكردنی شەریعەتی ئیسلام بێت.

هەركاتێكیش ئیســلامییەكان زۆرینەی دەنگیان هێنابێت و دەســەڵاتیان گرتبێتە دەست وەكو ئەوەی لە جەزائیر لەگەڵ جبهة الانقاذ الاسلامية - یان لە میسرــ لە گەڵ كۆمەڵەی الاخوان المســلمين دا ڕوویدا، یان ئەوەی لەم دواییە لەگەڵ جەماعەتی نەهزەی تونسی ڕوویدا، ئەوە سەرەڕای تەنازولاتی زۆریش لە لایەن ئیـ سلامییەكانەوە بەڵام دوای ماوەیەكی كەم بە زەبری هێز و پلان و پیلانی جۆراوجۆر لابراون و كوژراون و زیندانی كراون .

**پرسیاری هه شتەم:** ئایا زانای گەورە هەیە پشتگیری مه سەلەی ئینتیخاباتی پەرلەمانی بكات و بەشەرعی بزانێت؟

**وەڵام:** بەڵێ كۆمەڵە زانایەك بەڵام بە وردەكاری و مەرج و قســەكردنێكی زۆرەوە ڕایان بووە بە شداری بكرێت، كە ئەو مەرجانەیان سەرەڕای ئەوەی

هەڵەیە و لە ڕێگەپێدانەکەیاندا نەیانپێکاوە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی خۆیان بۆ ئەو پەرلەمانانە کاندید دەکەن لە بنچینەوە ئەو مەرجانەی دینداری و غیرەت لە سەر ئیسلام و هەبوونی زانستی شەرعی و بەرگریکردن بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتیان تێدا نییە و بەڵکو زۆر جار کێبڕکێ لەگەڵ عەلمانییەکاندا دەکەن لە هەندێ باس و خواسدا و ناتوانیت لەیەکتر جیایان بکەیتەوە، چجای داکۆکی لە جێبەجیکردنی شەرع بکەن! ئینجا ئەو زانایانە کاتێك لە قسەکانیان ورد دەبیتەوە بۆت دەردە کەوێت جگە لەوەی بەقەیدو شەرتێکەوە رازی بوونە کە لەو حیزب و ئەندامانەدا نییە کە خۆیان کاندید کردووە یان بەشداری دەکەن ، هاوکات فەتواکانیشیان سەرپێی بووە و لەسەر بنەمای وردبوونەوە لە واقیعەکە نەدراوە و قسەکانیان بەبێ خستنەڕووی بەڵگەی شەرعی کردووە، سەیریش ئەوەیە هەر ئەو زانایانەی کە فەتوای بەشداری کردنیان بۆ ئەو حیزبانە داوە خۆیان پێشتر فەتوایان هەیە پێکهینان و دامەزراندنی حیزبی سیاسی بە حەرام دەزانن، دیموکراسی بەکوفر دەزانن، تەحکیمی غەیری شەرعی ئیسلام بە لادان لە ئیسلام دەزانن و..هتد بۆیە بە کورتی یان فەتواکانیان لەسەر بنەمای وەردنەبوونەوە بووە لە مەسەلەکە، یان لە ژێر فشاری سیاسیدا بووە چونکە هەندێ لەوانە بەوە ناسراون هەرگیز پێچەوانەی ئیرادەی سەرکردایەتی سیاسی وڵاتەکانیان

قســەیان نەکردووە، یان نەیانپێکاوە و هەڵەیان کردووە وەکو چەندین زانای تر بەرپەرچیان داونەتەوە.

**پرســیاری نۆیەم:** ئایا ئەوانەی بەڵگە بە بۆچوونی ئەو زانایانە دەهێننەوە کە ڕێگەیان بە بەشــداری کردن داوە لە هەڵبژاردن و چوونە ناو پەرلەمان، لە بنچینەدا ڕێز لەو زانایانە دەگرن و پەیڕەوی لە قسەیان دەکەن، وەکو ابن باز و ابن عثيمين و ئەلبانی پێش ئەوەی لە فەتواکەی پاشــگەز ببێتەوە؟ یان تەنها لەم مەســەلە دەیانەوێت پەیڕەوییان لێ بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و قایل کردنی ئەندامان بەوەی کە دەنگدان و بەشــداری پەرلەمان کارێکی ناشــەرعی و لە گەڵ عەقیدەو ئیماندا دژوار نییە؟

**وەڵام:** نەخێر ئەوان لە زۆربەی مەســەلەکانی تردا و بەتایبەتی پرســەکانی عەقیــدە و زۆرێکیش لە بوارەکــانی تر وەکو جەختکردنەوەی لەســەر شــوێنکەوتنی قورئان و ســوننەت، هیچ کات قســەو فەتوای ئەوانیان بەلاوە بەرێز و سەنگین نییە و هەندێ جار بە ئاشکرا سووکایەتیشیان پێ دەکەن و بە زانای حەیزو نیفاس ناویان دەبەن و گاڵتەیان پێ دەکەن، هەروەها لە شــوێنی تردا بەوە وەســفیان دەکەن کە ئەوانە لە فیقهی واقیعدا ناحاڵین و تێناگەن! بەڵام بۆ ئەم مەسەلە کە بە دڵنیاییەوە هەڵەیان کردووە و نەیانپێکاوە دەستیان بە فەتواکەیانەوە گرتووە و شەڕی مان و نەمانی لە سەر دەکەن و

وەکو مەعسوم وێنایان دەکەن! لە هەموو وەرزێکی هەڵبژاردندا ئیتر ئیش و کاریان گەڕانە بەدوای زەللـەو هەڵەی هەر کەسێکدا لە زانایەك تاکو کۆڵکە نووســەرێك کە ڕیگەی بە هەڵبژاردن دابێت و شــەرعاندبێتی! ســەیریش لەوەدایە هەندێ لەو زانایانەی ئەمان دڵ بە فەتوا هەڵەکانیان خۆش دەکەن، هەر لە فەتوای ئەو زا نا یانەدا بگەڕێیت فەتوای حەرامی شــوێنکەوتنی حیزبەکانیان و گومرابوونی ســەرکردەکانی تێدایە، بەڵام ئیتر وەکو عەرەب دەڵێن: عش رجبا ترى عجبا !

**پرســیاری دەیەم:** ئـایـا ئیســلامییـەکـان لە هەر وڵاتێکی دونیـا، چی بەرژەوەندییەك لە چوونە ناو پەرلەماندا بە دەست دەهێنن؟

**وەڵام:** ئەوان وەکو خۆ یان دەڵێن لە بنچینەدا بۆ ئەوە ئەچن حوکمی شــەریعەت جێبەجێ بکەن! بەڵام ئەو ئامانجە لە حوکمی مەحاڵدایەو نەك هەر جێبەجێی ناکەن، بەڵکو دەکەونە نێو دەیان هێڵی ســووری بیروباوەڕی ئیسلامی و زۆر لە سنوورەکانی قورئان و سوننەت بە ڕاشکاوی دەبەزێنن و هەر لە یەکەم هەنگاوی دەست بە کاربوونیان لە پەرلەمان سوێندێك دەخۆن کە هەموو بانگەشــە و قســەو ئا مانجێکیان لەو بارەوە بەو ســوێندە هەڵدەوەشــێنیتەوە! چونکە ئەوان ســوێند لەســەر ئەوە دەخون کە زۆر لە حوکمەکانی قورئان و ســوننەت پەکبخەن و نەهێڵن لە ناو خەڵکیدا بەرپا بێت و پێچەوانەکەی جێبەجیبکرێت، چەندین پرسی گەورەی ئیسلام ئەبێت

وەلا بخات و هەر لەڕوویشـــی نەیەت باســـی بكات وەكو حاكمیەتی شەریعەت بەو مەزنییە لە زەینی مسوڵماناندا تێكدەدەن و حاڵ بەوە دەگات موسوڵمانان وا دەزانن جیبەجكردنی شەریعتی ئیسلام بەو شێوە دەبێت كە ئەوان دەیكەن! لە كاتێكدا هیچ حوكمێكی شـــەرعی ئیســـلام لەڕیگەی پەرلەمانەوە جێبەجێ نابێت ئەزموونیش ئەوەی سەلماندووە.

**پرســـیاری یازدیەم:** ئایا ئەندام پەرلەمان ســـوێند لەســـەر چی دەخوات پاش دەست بەكاربوونی؟

**وەڵام:** هەندێ كەس وا دەزانن مەســـەلەی ســـوێندخواردن مەســـەلەیەكی شەكلی و ڕواڵەتییە و زۆر گرنگ نییە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو سوێندە بە نیسبەت كەسی موسوڵمانەوە جێگای مەترسییە و هەرگیز درووست نییە ئەو ســـوێندە بخوات، چونكە ناوەڕۆكەكەی بریتییە لە ڕێزگرتن لە یاســـا بە هەموو ئەو ســـەرپێچی و دژوارییەی كە لە گەڵ ئیســـلامدا هەیەتی! كە ئەسڵەن ئەو یاسا لە سەر ڕێزگرتن لە شەریعەتی ئیسلام بونیات نەنراوە و زۆرێك لە ئەحكام و ســـزاكانی ڕەتكردووەتەوە و حوكم و ســـزای تری لە جێگەی داناوە، ئەمەش دەقی ســـوێند خواردنی ئەندام پەرلەمانەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە: (اقســـم بالله العظيم أن أحافظ مخلصـا على النظام الجمهوري، وأن أحترم الدستور والقانون، وأن أرعى مصالح الشعب رعاية كاملة، وأن أحافظ على اســـتقلال الوطن ووحدة وســـلامة أراضـيه).

واته: سوێند به الله ی مەزن دەخۆم، کە بە دڵسۆزی پارێزگاری لە سیستمی کۆماری بکەم و ڕێز لە دەستور و یاسا بگرم و، چاودێری بەرژەوەندی گەل بکەم بەتەواوی و، پارێزگاری لە سەربەخۆیی نیشتمان و یەکێتی و سەلامەتی خاکی بکەم. کێشە لەوەدایە یاسا و دەستور زۆر مادەی تێدایە ناکۆکن لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ، ئەی ئیتر چۆن ئەندام پەرلەمانی ئیسلامی سوێند لەسەر پاراستنی ئەخوات و لەو لاشەوە ئەڵێت من چوومە حوکمی الله بەرپا بکەم لەوێ. یاسا مافی ئارەق خواردن و داوین پیسی و ئازادی ئایین و هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلام پاراستووە، بۆ نموونە ئەگەر مەی خواردنەکە هەندێ مەرجی تێدا بێت و زیناکە بۆ نموونە بە ڕەزامەندی هەردوو لا بێت، تۆیش وەکو کەسێك هاتوویت شەریعەت جێبەجێ بکەیت سوێند لە سەر پاراستی زیناکاران و مەیخۆران دەخۆیت لە جیاتی ئەوەی کارەکەیان قەدەغە بکەیت.

**پرسیار یانزەیەم:** ئایا ئەگەر دەنگ نەدەم چی بکەم؟ بەدیل چییە؟

**وەڵام:** لە ڕاستیدا هەر کاتێك دەرکەوت مەسەلەیەك ناشەرعییە چجای لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەڕیشدا تێکبگیرێت، ئیتر موسوڵمان پێویستە لێی دوور بکەوێتەوە ، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ

﴿وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾[1]. مه سه‌له‌ی هه‌ڵبژاردنیش له سه‌ره‌تاوه تا کۆتایی له‌گه‌ڵ هێڵه پانه‌کانی ته‌وحید و شه‌ریعه‌تندا له ئیسلام تێکده‌گیرێت، ئیتر چۆن موســـوڵمان بوێری ئه‌وه‌ی هه‌یه بڵێت ئه‌گه‌ر ده نگ نه‌ده‌م چی بکه‌م؟! موســـوڵمان ئه‌گه‌ر له نێوان دوو حه‌رامدا ســـه‌رپشـــك بكرێت نابێت هیچیان هه‌ڵبژێرێت و له ئه‌نجام نه‌دانی ئه‌و حه‌رامه‌ش هه‌رچی ده‌بێت با ببێت! به دڵنیاییشـــه‌وه گه‌یشـــتنی ئه‌و که‌ســـانه به په‌رله‌مان به ده‌نگی تۆ تاوانێکی گه‌وره‌یه و لادانێکی روون و ئاشـــکرایه له بیروباوه‌ڕی ئیســـلامی، چونکه تۆ که ده‌نگ بۆ که‌سێك ده‌ده‌یت و به ده‌نگی تۆ ده‌گاته په‌رله‌مان، تۆ ئه‌و که‌سه‌ت کردووه به وه‌کیل و بریکاری خۆت و له جیاتی تۆ و به ده‌نگی تۆ ئه‌و سـوێنده ده‌خوات که ســـه‌دان کاره‌ســـاتی له خۆگرتووه و حاکمییه‌تی الله ی پی له‌کار ده‌خرێت!

بۆیه له ده‌نگ نه‌دان هه‌رگیز دوو دڵ مه‌به و دڵنیابه به ده‌نگدانت زیانێکی گه‌وره له دینی خۆت ده‌ده‌یت و وه‌کو دونیایش هیچ سوودێك نابینیت.

**تێبینی:** هه‌نـدێ له‌م پرســـیـارانه‌م وه‌رگرتووه له هه‌نـدێ ســـه‌رچـاوه به ده‌ستکارییه‌وه و هه‌ندێکیشی خۆم دامناوه.

---

[1] - الاحزاب/٣٦

# شورا و هەڵبژاردن .. ئاسمان و ڕێسمان!

هەندێ جار لە هەندێ کەســەوە گوێبیســتی ئەوە دەبین هەڵبژاردنی پڕ لە موخالە فاتی عەقیدە و بیرو باوەڕ کە لەم ســەردەمەدا لە زۆر لە وڵاتانی عەرەب و موســوڵمانان دەگوزەرێت، بەراورد دەکرێت بە شــورا لە ئیســلامدا کە ئەوەش بەراوردێکی نازانســتی و نالۆژیکیشــە! وەڵامیش لەســەر ئەو شوبهەو گومانە ئەوەیە: دیموکراسی و هەڵبژاردن، لەگەڵ شورا کە الله تعالی فەرمانی پێ کردووە، لە هیچ شــتێکدا یەکناگرنەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازن، بەڵگەش لەسەر ئەوە :

١- ســەرچاوە و ئەســڵی هەڵبژاردن لە کوێوە بۆمان هاتووە؟ بێگومان لە ڕۆژئاوای نەســڕانییەوە، واتە لەلای بێباوەڕانەوە. ئەی ســەرچاوەی شــورا چییەو لە کوێوە پێمان گەیشــتووە؟ بێگو مان لەلای الله تعالی خۆیەوە کە فەرموویەتی: ﴿وَأَمرُهُم شورىٰ بَينَهُم﴾[1] کێ شورای کردووە بە شەرع بۆمان؟ بێگومان الله تعالی خۆی .ئەی ئایا مرۆڤەکان بۆیان هەیە شــەرع دابنێن و ئەگەر دا یانا پەیڕەو دەکر یت؟ بێگو مان نەخێر. الله تعالی فەرموویەتی: ﴿أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا﴾[2]

[1] - الشورى/٣٨

[2] - الانعام/ ١١٤

٢- شـــورای گەورە لە ئیســـلامدا پەیوەندیدارە بە ســـیاســـەتی ئوممەتی ئیســـلامەوە، ئەوانەشـــی کە ئەهلی ئەو شـــورایەن بریتین لە زا نا یان و پیاوچاکان و دڵسۆزانی ئیسلام.

بەڵام هەڵبژاردن و دیموکرا سی کە سانێك بەڕیوەی دەبەن کە زۆر جار هەر باوەڕیان بە ئیســـلام نیە و بە کۆنەپەرســـتی دەزانن! خۆ ئەگەر هەندێ جار خە ڵکێکی موســـوڵمان و دیـنـدار بخەنە ئەو جێگەیە لە ئەوپەڕی بێ دە سەڵاتیدان و هیچ گۆڕانکارییەکیان پێ ناکرێت و تەنها بۆ شەرعییەتدانە بەو جێگەیە و خۆڵ لە چاوکردنی خەڵکە کە گوایە ئەو شـــوێنە هەمو جۆرە بیروبۆچوون و ئایینیەکی تێدایە. ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی کە ئەگەنە ئەو جێگەیە لە بنچینەوە خۆیان لە ئیسلام ناحاڵین و جاری وا هەیە لە ڕیکلامی کاندیداندا دەبینی کەسێك لەوانە تەنها بۆ ئەوەی پێی بوترێت موسوڵمانێکی مۆدێرن و ســـەردەمیانەیە دەڵێت ئەم نوێژەیەی کە دیبینن لە مزگەوتەکاندا جۆرێکە لە ســـەما کردن، ئیمامی مزگەوتەکەش وەکو مایســـترۆیە ئەوەی لە پێ شەوەی مۆ سیقاژەنەکانەوە دە ست ڕادەوە شێنیت چی بکات لە پێ شەوە ئەوانیش هە مان شـــت دەکەن! جا وەرە دڵت بەوە خۆش بێت دیفاع لە ئیسـلام بکات؟ !ئینجا لەوێیش عابیدو فاجر و خواناس و مولحید و داوێن پـاك و داوێن پیس هەمووی وەکو یەکە و ئەوەی کە الله فەرموویەتی : ﴿أَفَنَجْعَلُ الْمُسْـــلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ﴾ و ﴿أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا

الصَّـــالِحَاتِ كَالْمُفْسِـــدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ﴾[1] لەوێ نامێنێت، هەروەها ژن پیاویش هیچ فەرق و جیاوازییەکیان لە نێوا ندا نامێنیت لە کاتێکدا الله فەرموویەتی: ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى﴾.[2]

٣- ئەهلی شـــورا هیچ حەڵاڵێك حەرام ناکەن و هیچ حەرامێك حەڵاڵ نـاکەن! بەڵام ئەوانەی لەڕیگەی هەڵبژاردنەوە دەگەنە پەرلەمـان تەشریع دەکەن و هیچ سنوور و حوکمێکی ئیسلام نییە هێڵی سوور بێت بەلایانەوە، هەموو حوکم و ســزا و ســنوورێکی ئیســلام لەوێ بە حوکمی زۆرینەوە ئەگەری لابردنی هەیە لەڕێگەی ئەو موشــەریعانەوە چونکە دەســەڵاتی تەواویان لەو بارەوە هەیە.

ئەهلی شـورا هیچ حوکمیکی پێچەوانەی کیتاب و سـونەت تەشریع ناکەن، بەڵام لەوێ وا نییە! الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾[3] هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾[4]

٤- لە ئیســلامدا شــورا بۆ مەبەســتی هەندێ حاڵەتی دیاریکراوە، ئەگینا هەرچی حوکمەکەی لە قورئان و سوننەت و قسەی پێشینانی ئەم ئوممەتەدا

---

[1] القلم:٣٥.
[2] آل عمران: ٣٦.
[3] - الأنبياء/٢٩.
[4] - الكهف/٢٦

هاتبێت شـــورا قســـەی تێدا ناكات. بەڵام ئەوانەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەگەنە پەرلەمان سنورێك نییە لەوەی لە قورئان و سونەتدا هاتووە حیسابی بۆ بكەن، خەلكی داوای گۆڕینی هەر حوكمێكی ئیســـلامیان كرد و زۆرینە لەسەری ڕازی بوون ئیتر تەواو دەگۆڕێت، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾[1]

٥- شـــورا لە هەموو كات و ســـاتێكدا و لە هەموو شـــتیكدا واجب نییە لە ئیسلامدا، بەڵكو كەی پێویستی كرد دەبە سترێت ، بۆیە هەندێ جار شورا دەبێتە واجب و هەندێ جاری تر وا نییە، بۆیە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لە كاتی غەزاكانی پرس وڕاوێژی دەكرد.

بەڵام ئەوانەی لەڕیگەی هەڵبژاردنەوە دەگەنە ئەوێ فەرزە و پێویســـتە بۆ هەموو شتێك قسەی خۆیان هەبێت و هەموو ئیسلام لەوێ هەڵدەوەشێتەوەو جارێكی تر دەنگی لەسەر دەدرێتەوە ئەگەر پێویست بكات.!

٦- شورا دەیسەلمێنێت كە ئیسلام شیاوە بۆ هەموو سەردەم و زەمانێك، بەڵام لە پەرلەمانەكانی دونیادا ئیسلام هەندێ جار لە باشترین حاڵەتدا لە هەندێ بواری باری كەسایەتی و هاوشێوەی دەكرێتە سەرچاوەیەك لە نێو چەندین سەرچاوەی تردا، ئەویش بە شێوەیەكی لاواز.

---

[1] - المائدة/٥٠

٧- دیموکراسی مەعنای ئەوەیە خەڵکی بەوەی کە بەباشی دەزانن بۆ خۆیان حوکمی خۆ یان بکەن، بەڵام شـــورا هیچ حوکمێك دا ناهێنن کە ئەســـڵی لە شەرعدا نەبێت، بەڵکو هەموویان هاوکاری یەکترن بۆ تێگەیشتنی حەق و گێڕانەوەی شتە لاوەکییەکان بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام.



## حەق نەناسیت لە ناحەق پارێزراو نابیت!

موفتی - وەکو زانایەکی گەورە دەفەرموێت - کاتێك کە فەتوایەك دەدات، وەکو ئەوەیە لە جیاتی الله تعالی ئیمزای کردبێت و ڕێگەی ئەو مەســـەلەی دابێت کە پرسیاری لە سەر کراوە ! چونکە خەڵکی پرسیاری ڕاوبۆچوونی خۆی لێ ناکەن! بەڵکو داوای حوکمی شەرعی لێ دەکەن بەبەڵگەی ئایەت و فەرموودە. بۆیە موفتی دەبێت پێش فەتوادان زۆر لە بابەتەکان وردبێتەوە و حیسابی زۆر شت بکات پێش ئەوەی هیچ قسەیەك بکات و بەبێ بەڵگەی کیتاب و فەرموودەی صـــحیح هیچ نەڵێت، بەتایبەتی ئەگەر مەســـەلەیەکی هەســـتیار و گەورە بوو کە لە ئەگەری هەڵە کردنی موفتی خەڵکانێك بە هیلاك بچن .یەکێك لە تاوانە گەورەکانیش ئەوەیە کەســـێك لە خۆیەوە بەبێ دڵنیابوون لە بەڵگەی شەرعی و بێ پشت ئەستوور بوون بە حوکمی قورئان و سوننەت لە مەسەلەیەکی شەرعیدا قسە بکات و فەتوا بدات، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾[1] هەرچی بابەتێك بواری پێ خلیســـکانی تێدابوو لە عەقیدەو بیروباوەڕ و تەوحیددا، لە کردەوەو شـــەرعدا، ئیتر هیچ ناچارییەك

[1] - الاعراف/٣٣.

نییە وا لە موسوڵمان بکات ملی پێوە بنێت و ئەنجامی بدات، بە دیاریکراویش مەبەستم مەسەلەی هەڵبژاردنە، بەڕاستی هەرکێ فەتوای شەرعیبوونی بە شداریکردن لەو پرۆسەیە بدات سەرکێشییەکی گەورەی بە دینی خۆی و دینی ئەو خەڵکەوە کردووە و هیچ جۆرە ترسێکی پەروەردگاری لە فەتواکەیدا ڕەچاو نەکردووە کە توانیوێتی بە ناو شەرعەوە بڵێت درووستە بچیتە پرۆسەیەکەوە لە سەرەتای تا کۆتایی پڕە لەوەی دەبێتە مایەی خەشم و قین و ڕقی پەروەردگار و هەروەها پرۆسەکە بە سروشتی خۆی پڕە لە لادان لە شەرع و لە عەقیدەو بیروباوەڕ، پرۆسەیەکی ناکۆکە لە گەڵ سەدان ئایەت و سەدان فەرموودەدا! دڵنیابن ئەوەی فەتواتان بۆ دەدا بۆ بەشداری کردن لە دو کەس بەدەر نییە و فەتواکەی لە دوو ڕێگەوە سەرچاوە دەگرێت:

١- یان ئەوەیە لە جەهلەوە قسە دەکات و لەڕاستیدا زانستی شەرعی لە ڕێگەکانی خۆیەوە وەرنەگرتووە، ئیتر چی جەهل بە بەڵگە شەرعییەکان و بنەما و بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی بێت، یان جەهل بە واقیعی ئەو پرۆسەیە و تێنەگەیشتن لەو کارەساتانەی کە هەڵبژاردن لە خۆی دەگرێت وەکو تەشریع کردن و سوێند خواردن لە سەر حوکم کردن بە پێچەوانەی قورئان و پێدانی دەسەڵاتەکانی الله بە گەل و..هتد

٢- یان کە سێکە سیا سەت سەری لێ شێواندووە و ڕێگای حەقی لێ ون کردووە و حیزبی لەلا بووەتە شـــتێکی پیرۆز و هەموو شـــتێکی تری لەو پێناوەدا کردووە بە قوربانی !

یان بزانە بەچی بەهانەیەکی تری لاوازتر لە ماڵی جاڵجاڵۆکە خۆی قایل کردووە و قەناعەتی بە خۆی کردووە ئەو قســـانە بکات، گرنگ ئەوەیە تا بیناقاقا هەڵەیە و ڕاستی نەپێکاوە!

بۆیە لەبەر ڕەزامەندی الله و خێری دین و دونیای خەڵکی چاکترە بۆیان نە لە دوور و نە لە نزیکەوە بەشداری دەنگدان نەکەن و نە بەدەنگدان و نە بە هیچ شـــێوازێکی ڕۆڵ بینین و بەشـــداری کردن توخنی ئەو بابەتە نەکەون.

باوەڕیش بەو قسانە نەکەن کە دەنگ نەدان گوناهە و دەنگەکەت شایەتییە! بە پێچەوانەوە تاوانی گەورە و ترســناك بەشــداریکردنە نەك نەکردن! بەڵێ ڕاستە دەنگدان شایەتییە،

بەڵام شایەتییەکی ناڕاست و ناحەق و زوورە و شایەتییەکە لە مەعسیەت و تورەیی پەروەردگاردایە! یان دەڵێن هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی دەســـەڵاتدا تەواو دەبێت و ئەو جۆرە قسانە، ئایا تۆ خۆت لەوەی کە الله پێی ناخۆشە و هەڕەشەی لە ئەنجامدانی کردووە لە قورئاندا دەپارێزیت؟

لە ڕاســـتیدا هەڵبژاردن بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان - نەك تەنها لە عێراق - بەڵکو لە زۆربەی شـــوێنەکانی دونیا وەکو شـــانۆگەرییەك وایە پێشـــتر

دەرەنجـامەکـانی دەزانرێـت و هیچ نەبێـت ڕێگە زۆرە بۆ دیـاری کردنی دەرەنجامەکانی بەو شـێوەی کە خۆیان دەیانەوێت! تەنانەت لە ئەمریکای دایکی دیموکراسیدا! هەڵبژاردن لە ڕاستیدا هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت و دەیان سـاڵە هەردوو حیزبی جومهوری و دیموکراتی بە نۆرە جارێك ئەم و جارێك ئەو لە ئەمریکا حوکم دەگرنە دەست و سیاسەتی ئەمریکا هەر ئەو سیاسەتەیە و ناگۆڕێت! بە شداری کردن لە هەڵبژاردن بە نیسبەت کەسی موسـوڵمانەوە تەنها ئەوەیە بە دەنگی خۆی خەڵکانێك دەگەیەنێت بە پلەو پایەی سـیاسـی و مووچە و بزنس و گەشـت و گوزاری وڵا تان و لەبەرانبەریشـدا خۆی تەنها نە هامەتی دین و دونیای لە ئەنجامی ئەو بەشـداری کردنەیدا بەردەکەوێت. ئەگەریش دەتەوێت بزانی دەرەنجامی هەڵبژاردن و دیموکراسی بۆ موسوڵمانان چ خێرێکی ئەبێت، بڕوانە بۆ حاڵی ئیخوان لە میسر، لە پاش سەد ساڵی ڕەبەق لە کۆشش کردنی سیاسی و باوەڕهێنان بە دیموکراسی و هەوڵدانی بێ وچان لە ڕێگەی کاری پەرلەمانی دواجار حوکمیان گرتە دەست، بەڵام چی ڕویدا و چ خێرێکیان بۆ ئیسلام و موسـوڵمانان هەبوو؟ نە خۆیان لە ماوەی ئەو سـاڵەدا هیچیان پێ کرا و تەنانەت نە توانای بەرگریکردن و پارێزگاریشـیان بوو لە خۆیان، بۆیە سـەرەڕای ئەو هەموو تەنازولەی ئەوان لە دینی ئیسـلامدا دەیانکرد کە هەموو سـنوورێکی بەزا ندبوو، کتێبێکی تایبەتی دەوێت ئەگەر بتەوێت

حەقی ئەو باسە بدەیت! لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە توندڕەو ئیرهابی حیسابیان بۆ کرا و بە ئاگرو ئا سن ڕووبەڕوویان بوونەوە و بە ئەوپەری بێ رەو شتی و بێ بەزەییانە مامەلە یان لەگەل کردن و دروشـــمی (ســـلميتنا أقوى من الرصاص) یش هیچ دادی نەدان و سیلمیەتیان کردنی بە ژەمێکی ئا سانی خوانەناسێکی وەکو سیسی و بەداخەوە داری بەسەر بەردەوە بۆ نەهێشتن، چونکە ئەوان ئەو خەڵکەیان لە جیاتی بەرگری لە خۆکردن هەموویان فێری تەنازولات و سلمية سلمية کردبوو! بەو شێوەش سەد ساڵ لەڕووی ئیشی حیزبی و ئەوەی کە خۆیان باوەڕیان پێی بوو گەڕانە دواوە و پاشـەکشـەیان پێ کردن! ئەزموونی تاڵی جەزائیریش هەر جێگای ئەوەیە پەند و عیبرەتی لێ وەربگیرێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَـهِيدٌ﴾[١] ئەگەر بمزانیبا دەنگدان و خۆ کاندید کردن و چوونە پەرلەمان لە ڕووی شـەرعەوە تروسـکاییەك بواری تێدایە لە ڕوانگەی شـەرعەوە، یان گومانم وابوایە هەر ئەوەندەی زینا کردن و ســوو خواردن و بوهتان کردن گوناهە، تەنها یەکجار و لە یەك پۆسـت زیاترم لەسـەری نەدەکرد. بەڵام ئەمە یان زۆر ترسـناکە و سـنوورە کانی ئولوهیەت و حاکمیەت و ناوو سـیفاتەکانی الله ی هەمووی تێدا دەبەزێنرێت و دەنگدان وەکو ئاگرێکە و موسوڵمان بۆ خۆی هەڵیدەگیرسێنیت! ئەو کە سەش کە فەتوایان بۆ دەدات

---

[١] - ق/٣٧.

و ئەو کە سانەش کە بە قسەی ئەوان ڕوو لەو کارە ساتە دەکەن، هەموویان زیانێکی زۆر گەورە یان لە دین و لە دونیای خۆیان داوە و واجبی هەموو دڵسۆزێکی دین و ژینی ئەو خەڵکە ئەوەیە دەستیان بگرن و لە ئەنجامدانی ئەو هەڵە شەرعییە گەورەیە ساردیان بکەنەوە بەڵکو بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاســـت، بەوەش خزمەتێکی گەورە بەو خەڵکە پێشــــکەش دەکرێت، کە بەداخەوە زۆرێکیان نە بۆ دونیایان و نە بۆ دینیان نازانن چی باشــە و چی خراپە و بەردەوام دەبنە پەیژە بۆ سەرکەوتنی خەڵکی تر بە سەریاندا.کاتێك کە هەندێك دەبینم بەبێ ترســـی الله هانی خەڵکی دەدەن بۆ دەنگدان و خۆیشــیان چاك دەزانن دەنگدان و پەرلەمان لەڕووی شــەرعەوە، لە دیدی قورئان و ســـونتەوە یەعنی چی! لەو کاتەدا هەســـت بە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش دەکەم و بەزەییم بە حاڵی ئەو خەڵکەدا دێتەوە، بەو بێ زانســتییەی خۆیانەوە لە بیروباوەڕو شەرعی ئیسلامدا، چۆن بەرگەی گومانی ئەو هەموو خــاوەن بەرژەوەنــدی و گــومــڕاو گــومــڕاکەرانە بــگــرن و چــۆن لە خشتەنەچن؟﴿بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ شەو ڕۆژ بە قسەو بە نووسین و بە پۆستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێناو بە دەستهێنانی دەنگیاندا کە دونیای خۆیانی پێ چاك دەکەن ودواڕۆژی ئەوانی پێ خراپ دەکەن و هەوڵی لە خشتەبردنیان دەدرێت و هەڵە و پێچەوانەی شەرعیان وەکو ڕاست و کاری شەرعی و خێر بۆ وێنا دەکرێت، کورد واتەنی خوا یارمەتیان بدات.

بەڕا ستی کاتێك گوێم لە هەندێك دەبێت هانی خەڵكی بۆ دەنگدان دەدەن و بۆ مەبەستی تەسكی حیزبی خۆیان كڵاویان لەسەر دەكەن، دڵم پێیان دەسووتێت و فەرموودەكەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەكەوێتە بیر كاتێك حذيفة (الله لێی ڕازی بێت) جیاواز لە هاوەڵانی تر لە جیاتی پرســیاری خێرو چاكە، پرسیاری شەڕ و خراپەی لێ دەكرد بۆ ئەوەی تێی نەكەوێت و خۆی لێ بپارێزێت: (كَانَ النَّاسُ يَسْــأَلُونَ رَسُــولَ الله ﴿ﷺ﴾ عَن الْخَيْرِ، وَكُنْتُ أَ سْأَلُهُ عَن الـ شَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ الله! إنَّا كُنَّا في جَاهِلِيَّة وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللهُ بِهَذَا الْخَيْرِ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ؟ قَالَ: "نَعَمْ!" فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلكَ الشَّرِّ منْ خَيْرٍ؟ قَالَ: "نَعَمْ! وَفيه دَخَنٌ" قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟ قَالَ: "قَوْمٌ يَسْــتَنُّونَ بغَيْر سُــنَّتِي، وَيَهْدُونَ بغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرفُ منْهُمْ وَتُنْكِرُ" فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلكَ الْخَيْر منْ شَرٍّ؟ قَالَ: "نَعَمْ! دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَاب جَهَنَّمَ؛ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فيهَا" فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ الله! صِـفْهُمْ لَنَا، قَالَ: "نَعَمْ! قَوْمٌ منْ جلْدَتنَا، وَيَتَكَلَّمُونَ بأَلْسِــنَتِنَا" قُلْتُ: يَا رَسُــولَ الله! فَمَا تَرَى إنْ أَدْرَكَني ذَلكَ؟ قَالَ: "تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْــلمينَ وَإِمَامَهُمْ" فَقُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: "فَاعْتَزِلْ تلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْــلِ شَــجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلكَ)[1]

[1] - متفق عليه.

## لە خوا بترسن ئەو خەڵکە بەلاڕێدا مەبەن!

شـــێخ مقبل بن هادی الوادعی، پرســـیارێکی ئاراســـتەی ئەوانە کرد کە باوەڕیان بە هەڵبژاردنە و فەتواکانی ابن باز و ابن عثیمین دەکەنە بەڵگە و شـــوێنکەوتوانی خۆیـــانی بۆ دەنگـدان پێ قـایـل دەکەن، پێی وتن: ئێوە شوێنکەوتووی هەواو ئارەزووی خۆتانن نەك بەڵگەی شەرعی!

ئایا ئەگەر ئەو دوو زانایە لە فەتواکەیان پاشـــگەز ببنەوە ئێوەش پاشـــگەز دەبنەوە؟ بێگومان نەخێر چونکە دڵخۆشی ئەوان بە فەتوای ئەو دو زانایە بە هۆکاری ڕێزگرتن و متمانە یان نییە بە زانســـتیان، نەخێر، حاڵ و واقعیان هەروەها ڕاو بۆچوونیان لەســـەر ئەو دوو زانایە ئەوە دەســـەلمێنیت، بەڵکو مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە ئەو فەتوایەیان کە بێگومان هەڵەیش بوونە تێیدا، بەدڵیانە و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا دەگونجێت و جگە لەوەش شێوازی پرســـیارەکەش جۆرێك لە فریودانی تێدا بووە بۆیان. بۆ نموونە مەعلومە حوکمی پێکهێنانی حیزبی ســـیاســـی و وەرگرتنی ئافرەت بۆ بەرپرســـیارێتی ســـیاســـی و دەســـەڵات، هەروەها بەشـــداریکردنی غەیری موســـوڵمان وەکو خاوەن دەسەڵات بەسەر موسوڵمانانەوە لای ئەو دوو زانایە حەرامە و ڕێگە پێدراو نییە و دەیان پرســـی تریش کە ئەوان بە حەرامی دەزانن و لە ناو هەڵبژاردن و دەنگدان و پەرلەماندا بوونی هەیە و فەتواکانیان لەو بارەوە

هەیە و زانراوە و د یارن، ئیتر ئەگەر بە شـــێوازی پرســـیارەکە فریو یان نەخواردووە، چۆن سەرەڕای ئەو هەموو فەتوای خۆیان دێن بەیەك فەتوای تر هەمووی هەڵدەوەشـــێننەوە؟! نموونە ئەگەر پرســـیارەکەیان بەم شـــێوە بکردایە: یا شێخ، ئایا درووستە بەشداری لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا بکەین بە مەبەســـتی نەهێشـــتنی خراپە و وتنی قســـەی حەق، بەڵام ئەو دەنگدان و پەرلەمانە زۆر ناشەرعی گەورەی لە خۆ گرتووە، وەکو:

١- بۆ ئەوەی بەشـــداری بکرێت پێویســـتە حیزب پێکبهێنرێت و هەروەها پێویســـتە ئافرەتیشـــی تێدا بەشـــدار بێت، ئینجا ئەو جێگەیە کە موســـوڵمانان بۆی دەچن بۆی هەیە مەســـیحی و یەهودی و مولحید و عەلمانی و هەموو جۆرە توێژێکی کۆمەڵگای تێدا بێت و یەکلاکردنەوەی هەموو شـــتێکیش لەوێ بە زۆرینەیە نەك بە گەڕانەوەی بۆ حوکمی قورئان و سوننەت؟

٢- هەر ئەندامێك لە هەڵبژاردندا سەرکەوت و دەنگی پێویستی بە دەستهێنا، پێویســـتە ســـوێند بخوات لەســـەر جێبەجێکردنی دســـتور وەکو خۆی، ئەو دســـتورەش حوکم تێیدا بۆ الله پاشـــان پێغەمبەرەکەی نییە ﴿ﷺ﴾، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە دایانناوە کە بریتین لە هەموو جۆرە دین و توێژ و ڕاوبۆچوونێکی گونجاوو ناکۆك لە گەڵ ئیسلامدا.

٣- هەروەها ئەگەر ویســـتی گەل لەســـەر ئەوە بوو نەســـڕانییەك جولەکەیەك عەلمانییەك بێ دینێك یان موسوڵمانێك یان ئافرەتێك ببێتە سەرۆکی وڵات یان

هەر بەرپر سیارێتیەکی تری گەورە بگرنە دە ست کەس بۆی نییە لە حوکمی زۆرینە دەربچێت چونکە هەر لەسـەرەتاوە ئەندامە موسـوڵمانەکە سـوێندی لە سەر ئەو جۆرە مە سەلانە خواردووە و باوەڕی بە سیستمی دیموکرا سی هەیە و ئازادی بیروڕاو ئازادی گۆڕینی ئایینی بەلاوە ئا ساییە، ئەگەریش وا نەبوایە هەر لە بنچینەوە ڕێگەی چوونە ژوورەوەی ئەو جێگەی نەدەبوو !

ئایا ئەگەر بەم شـێوە پرسـیار لە ابن باز و ابن عثمين بكرايە دەیانوت بەڵێ درووستە و شەرعییە بە شداری بکەن،؟نەخێر مەحاڵە و حا شا لە ئەوان وا بڵێن، نووسین و کتێب و دەرس و فەتواکانیشیان بەڵگەیە لەسەر ئەوە، بۆیە اتقوا الله ئیتر کەم خۆتان و خەڵکی داماو بە هەندێ قسەو فەتوا بخەڵەتێنن، کە خۆتان دڵنیان لە حەق و ڕاستی دوور کەوتوونەتەوە و حوکمی شەرعتان نەپێکاوە، ئەرێ ئێوە باوەڕ تان بە قەبرو قیامەت و مردن نییە ئەو هەموو بەرپرسیارێتییە ترسناکانە دەگرنە ئەستۆی خۆتان و خەڵکی لەڕێگەی ڕاست دەردەکەن و بەسـەر هەڵەی گەورەیاندا دەبەن؟ مردن زۆر لەوە نزیکترە کە هەرکەسێك گومان دەبات، بزانە وڵامتان بۆ لەخشتەبردنی ئەو خەڵکە چییە، سـوێند بە الله کارێکی زۆر خراپ دەکەن و خۆتان و ئەو خەڵکەش بەو کارەتان تووشـی جۆرەها زیانی دونیایی و قیامەتی دەکەن و الله لەسـەر هەموو ئەو کارانەتان لێتان دەپرسێتەوە: (وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ).[1]

[1] الزخرف:٤٤

## دیموکراسی کۆڵەکەی دەنگدانە

هەموو ئەوانەی بەشـــداری پرۆســـەی هەڵبژاردن و دەنگدان دەکەن - بە عەلمانی و ئیسلامییەوە - ناتوانن دوو پێیان بخەنە نێو بینای پەرلەمان، ئەگەر لە سیاسەت و حوکمڕانیدا باوەڕیان بە سیستمی دیموکراسی نەبێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەبێت ســوێندیش لەســەر ڕێزگرتن و پاراســتنی دیموکراســی بخۆن و شــتێك نەکەن بە پێی دەســتور لە گەڵ بنەماکانی دیموکراســیدا ناکۆك بێت، جا با بزانین دیموکراســیەت مەعنای چییە کە هەموانی لە ژێر کۆشــکی پەرلەماندا کۆکردووەتەوە؟ وشــەی دیموکراســی وشــەیەکی یۆنانییە بە مەعنای دەســەڵات، یان حوکمی گەل دێت، واتە لە سیستمی دیموکراسیدا گەل خۆی حوکمی خۆی دەکات نەك الله یان ئایین، گەل بەچی ڕازی بوو، حوکمی کێی پێ باش بوو. چ بەرنامەیەکی بەلاوە پەســەند بوو، لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە هەر ئەوەیە. دیموکراســییەت لە وڵاتاندا شــێوەی لە حوکمڕانیدا زۆرە، بەڵام لە هەموو شــێوەکانیدا چوار تایبەتمەندی تێدا نەبێت، پێی ناوترێت دیموکراســی کە زۆربەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی بە توندی لە گەڵ دینی ئیسلامدا تێکدەگیرێن و ناکۆکن:

١- دانپێدانان بەوەی کە سەروەری تەنها بۆ گەلە: ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە هەمیشــە وابەســتەی دیموکراســیەتە و لێی جیانابێتەوە، هاوکات لە گەڵ

ئیسلامیشدا تێکدەگیرێت و ناکۆکە، چونکە ئیسلام لەسەر عەقیدەی تەوحید بونیات نراوە کە مافی فەرمان کردن و تەشریع و حوکم تەنها بۆ اللە یە، لە ئیسلامدا موسولمان تەنها پەروەردگاری دەپەرستێت و لە هەموو شتێکدا تەنها بۆ حوکمی اللە دەگەڕێتەوەو حوکمکردن بە سوننەتیش هەر لەوەوە وەرگیراوە، وەکو لە چەندین ئایەتدا هاتووە بۆ نموونە: ﴿ثُمَّ رُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ﴾.[1] یان: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾.[2] ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ). [3]﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾.[4]

حەق لە دیدی موسولمانەوە ئەوەیە کە پەروەردگار فەرمانی پێکردووە، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕایگەیاندووە، با زۆرینەی دانیشتوانی سەرزەویش پێی ڕازی نەبن، ناحەقیش ئەوەیە کە اللە تعالى و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە ناحەقیان زانیوە با زۆرینەی خەڵکی سەر زەویش لەسەری کۆك و ڕازی بن و بە حەقی بزانن، لە ئیسلامدا بە پێچەوانەی دیموکراسی زۆرینەو کەمینە

---

[1] الأنعام: ٦٢.
[2] النساء:٦٥.
[3] الأنعام:٥٧.
[4] الشورى:١٠.

هیچ کاریگەرییەکی نییە، سەروەری و فەرمانی ڕەها و باڵا تەنها بۆ الله یە و هیچ هاوبەشـێکی نییە تێیدا، ﴿وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾.[١] تەنانەت لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە: (السـيد الله). بو داود (٤٨٠٦)، وأحمد (٢٤/٤) (١٦٣٥٠).

بەم شێوەش مەسەلەکە مەسەلەی بیروباوەڕە و بە هیچ شێوەیەك جێگای ناکۆکی وسازش نییە.

لە سیستمی دیموکراسیدا کە هەموو ئەندام پەرلەمانێك بە زۆر و ڕەزا دەبێت ملکەچی بێت حەق ئەوەیە گەل بە حەقی بزانێت و ناحەقیش بە هەمان شێوە، ئەوەی گەل پێی رازی بوو ئەوە ڕاستە و ئەوەشی ڕەتیکردەوە هەڵەیە.

لە سیستمی دیموکراسیدا کە ئیسلامییەکان پابەندی بنەماکانین خەڵکی خۆیان سەرچاوەی بڕیارن بێ وابەستەبوون بە هیچ سەرچاوەیەکی تر و مافی خۆیانە هەر بڕیار و تەشریعاتێك بۆ خۆیان دەربکەن، بەمەش بە شێوەیەکی جەوهەری لە ئیسلام جیا دەبێتەوە، چونکە حاکمیەتی خوا هیچ کاریگەییەکی نامێنێت.

٢- سەروەریی یاسا: واتە هەموان یەکسانن بەرانبەر یاسا، بەڵام کام یاسا؟ مەبەست لەو یاسایە کە مرۆڤەکان خۆیان دایدەنین بەناوی گەلەوە، دەسەڵات و سەروەری بەو پێیەش بۆ ئەو یاسایە کە هیچ پەیوەندییەکی بە

---

[١] الكهف:٢٦.

قورئان و سوننەتەوە نییە مەگەر بە ڕێکەوت شتێکی لێ قبوڵ بکات ئەویش زیاتر لە باری کەســـایەتی، هەموو ئەندام پەرلەمانێکیش نابێت کەمترین لاری لە سەر ئەم سەروەرییەی یا سا هەبێت، بەمەش ئیسلامییەکان لەگەڵ بیروباوەڕ و پرســـە ســـەرەکییەکانی بیروباوەڕی خۆیاندا ناکۆك و دژوار دەبنەوە.

٣- دانپێدانان بە مافی تاکەکان و ئازادی تەواویان و پاراســـتنی ئەو ئازادییە: لەم بارەوە بەدەر لەو خەرمانەی بە دەوری دیموکراســـیدا دراوە، چەند دەرەنجامێکی ترسناکی بۆ دینی موسوڵمان لێ دەکەوێتەوە -لە بواری بیروباوەڕدا هەموو کەســـێك بۆی هەیە باوەڕی بە هەرچی هەبێت کە پێی باش بێت و بانگەشـــەی بۆ بکات، بۆی هەیە دینی خۆی عەقیدەی خۆی بگۆڕێت بەو شـــێوەی کە ئارەزووی لێ هەیە و ئەو دســـتورەش کە ئەندام پەرلەمانی موسوڵمان سوێندی لە سەر دەخوات جێبەجێی بکات ئەو مافەی دەســـتەبەر کردووە. هەر بۆیە ئەوانەی بەشـــداری پەرلەمان دەکەن نکۆڵی دەکەن لە هەر حوکمێك لە دژ کەســـی هەڵگەڕاوە لە دینی خۆی و تاکە ســـزایەك کە دانی پێدا دەنێن ســـزای تاوانی خیانەتە لە وەتەن و نیشـــتمان، ئەگەر لە سیستمی دیمەکراسیدا موسوڵمان مافی دینداری پێدراوە هاوکات مافی هەڵگەڕانەوەشـــی پێ دراوە، بیەوێت موســـوڵمان بیت ئازادە و بیەویت هەڵگەڕێتەوە لە ئیســـلام هەر ئازادە! وەکو چۆن ماف بە هەرکەســـێك دراوە

هەر بیرێکی دژ بە خوا و ئیسلام هەڵبژێرێت .سەبارەت بە بواری ڕەوشتیش هەرچی خراپەو فاحیشـــە هە یە بە فەرمی ڕێگە پێدراوە وداوێن پیســـی مافێکەو پارێزراوە بە مەرجێك بە ڕەزامە ندی هەردوو لا بکرێت، یان لە جیگەی تایبەتکراوو ڕێگە پێدراوی فەرمی خۆی ئەنجام بدرێت، لەگەڵ سەدان پرسی تری دژوار لە گەڵ شەریعەتی تیایە بە هۆی ئەو سوێندەی ئیســـلامیيە کان لە یە کەم ڕۆژی چوو نە ناو پەرلە مان دەیخۆن ناتوانن بەرانبەری بوەستنەوە.

٤- جیاکرد نەوەی دەســـەڵاتە کان: واتە دەســـەڵاتە کانی جێبەجێکار و تەشریعی و دادوەری لە یەکتر جیابکرێنەوە بۆ ئەوەی ســـتەم درووســـت نەبێت، بەڵام لە بەر ئەوەی لە دیموکراســـیە تدا تەشریع بە دەســـتی مرۆڤە کانەوەیە، نەك ســـتەم بەڵکو گەورەترین ســـتەم درووســـت دەبێت و هەزاران بەڵگە لەسەر ئەوە دونیای ئەمڕۆی پڕ کردووە.

بە کورتی: دیموکراسی کۆڵەکەی سیستمی پەرلەمانییە کە هەموان دەبێت بە پیرۆز و بەڕێزی بزانن،بە کاکەی ئیسلامیشەوە کە زۆر جار لافی دڵسۆزی و پاراســـتنی ئەو ســـیســـتمە لێ دەدەن و پەیمانی پارێزگاری کردنی دەدەن و دەڵێن چارەســـەر لە دیموکراســـیدایە! دیموکراســـی ســـیســـتمێکە لە گەڵ ئیســـلامدا بە شـــێوەیەکی راســـتەوخۆ ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە و حوکمە کانی هەڵدەوە شێنێتەوە، ئەو کە سەی بووە ئەندام پەرلەمان دیموکراسیەت دەبێتە

کۆڵەکە و بنەمای هەموو کارێکی و پێویســـتە لە بازنەیدا بێت و بەدەوریدا بخولێتەوە و بە  شێوەیەکی پراکتیکی گەل بە سەرچاوەی حوکم بزانێت نەك قورئان و ســـوننەت، خۆ ئەگەر بە زار ئەو قســـە بکات و بلێت نەخێر من حوکمی شـــەریعەت جێبەجێ ئەکەم ئەوە قســـەیەکی بێ بنەمایە و لەســـەر زەمینەی واقیع کەمترین بەهای نییە. ئەوەشـــی جێگای داخی زیاترە ئەوەیە خەڵکی بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەوان چەندین لێدوانیان لە کەناڵەکانەوە و لە سەر ئاستی سەرکردایەتیدا لێ دەبیستریت کە ئەوان وەکو ئیسلامی لە بنچینەوە ئامانجیان جێبەجێکردنی  شەریعەت نییە و بەو دە ستورەی ئێ ستا ڕازین و لارییان لە سەری نییە! خەڵکیش هەر ئەو قسەیان پێ لەبەر کراوە ئەگەر دەنگ نەدەیت لە بەرژەوەندی دەســـەڵات تەواو دەبێت و زۆر جار مەلا و بانگخوازی گومرا پێیان دەڵێن ئەگەر دەنگ نەدەن گوناهبار دەبن! لە  کاتێکدا ئەوانەی لای تۆ خۆ یان بە فریشـــتە وێنا کردووە لە ژێر و لەســـەرەوە جۆرەهـا ڕێککەوتن و لێکتێگەیشـــتن و پـارە وەرگرتن و بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەو دەســـەڵاتەدا هەیە هەم لە ناڵ و هەم لە بزماریش دەدەن! و بە زۆرێك لەوانەش لە سەر ئا ستی کە سە یەکەمەکاندا دانی پێدا نراوە، بەڵام زۆرێك لە شـــوێنکەوتوان هەر ئامادە نین مل بۆ حەق بدەن و واز لە پاشکۆیی و پەکخستنی نیعمەتی بیرکردنەوە بدەن.

## بە دیل چیە ئەگەر دەنگ نەدەم؟

ئیسلامییەکان لە زۆربەی وڵاتاندا لە پرسی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بە شێوەیەکی گشتی پشتیان بە کۆمەڵە گومان و شوبهەیەك قایمە کە ناویان ناوە بەڵگە، لە ڕاستیشدا هیچیان نابنە بەڵگە، مەسەلەکە لە خۆ خەڵەتاندنێکی ڕوون و ئاشکرا بەدەر نییە!

لە مەسەلەی سەرگرتن و تێپەڕاندنی ئەو شوبهەو گومانانەشدا، پشتیان بە ناشارەزایی خەڵکی و لایەنگرانیان بە بابەتە شەرعییەکان بەستووە و گرەویان لەسەر ئەوەیە! هەروەها حیزبایەتی زەمکراو و دەمارگیریش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت و نایەڵێت خاوەنەکەی حەق ببینیت، یان ئەیبینێت بەڵام ڕێگری هەیە لەوەی کاری پێبکات و ملی بۆ بدات.

بایکۆتکردنی دەنگدان پارێزگاریکردنە لە دینەکەت لەکەدار نەبێت لە دونیاشت کە نەکرێیتە پەیژەیەکی خۆڕایی گاڵتە بە عەقڵت نەکرێت..سوێند بە خالقی ئەرزو ئاسمانەکان هیچ مەبەست و نیازو بەرژەوەندییەکم لەم ئامۆژگارییەم نییە جگە لە ڕەزامەندی اللە و خێری ئێوە نەبێت، بۆیە بە هەموو شێوەیەك خۆت لە هەڵبژاردن بە دوور بگرە و توخنی مەکەوە ، ئەگەر واتکرد

دینت سەلامەتە و ڕێگەش لەوانە دەگریت کە دەنگیان بۆ دەدەیت بە عەقڵت پێ بکەنن و بڵێن بەخوا چاك ئەو دەنگدەرانەمان فریوداوە و کردوومانن بە پەیژەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان، ئێمە بۆ مەعاش و پلەو پایەی کەسێتی و حیزبی و سیاسی خۆمان کار دەکەین، ئەو داماوانەش باوەڕیان کردووە کە ئەگەر دەنگ نەدەن گوناهبار دەبن و دەنگمان بۆ ئەدەن، لە ڕاستیدا بایکۆتکردنی ئینتیخابات و دەنگدان و پەرلەمان کە لە گەڵ بنەما سەرکییەکانی ئیسلامدا تێکدەگیرین وناکۆکن بەتایبەتی لەگەڵ عەقیدەی تەوحید و وەلائوبەرائو ئولوهیەت و حاکمیەتی الله، ئەوە خۆی لە خۆییدا بەدیلە!

موسوڵمان لە نزیکبوونەوەی لە حەرامێك لە عەقیدەکەیدا وەکو ئەوەیە دەستی بۆ ژیلەمۆیەك بردبێت دەست و جەستەو پۆشاکی خۆی بسووتێنیت، نابێت بڵێت بەدیلی دەست بردن بۆ ئەو ئاگرە سووتێنەرە چییە! بەدیلی ئەوەیە دووری لێ بگریت.

بەدیل ئەوەیە وەکو لە قورئان و سونەتدا فەرمانت پێکراوە دەستی بۆ نەبەیت و خۆت لە ئاگرەکەی بە دوور بگریت و بایکۆتی پرۆسەکە بکەیت و پارێزگاری لە دینی خۆت بکەیت.

ئیبراهیم علیه السلام وای كرد: ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَىٰ أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا﴾.[1] واعتزلكم واته لێتان دادەبڕێم و بەكارەكەتان ڕازی نابم و لێی بەریم، ئەوەی ئیبراهیم علیه السلام لێی بەری بوو هەر شتێك بوو وەكو ئەم دەنگدان و پەرلەمانەی ئێستا، بەتەعبیری ئەمڕۆ فەرمووی بایكۆتی پرۆسەكەتان دەكەم، چونكە ئەو جێگەی تۆ بە نیازی خزمەتی دینی تێدا بكەیت هەموو حوكمەكانی ئیسلامی تێدا ڕەتدەكرێتەوەو هەڵدەوەشێتەوە وپێچەوانەی ئەوەی لە قورئان و سوننەتدایە تەشریعات دەكرێت و ئەزموونی ساڵانیش دەڵێت هیچ كاتیك ئیسلامییەكان نەیانتوانیوە ڕێگر بن لەبەرانبەر دەركردنی هیچ بڕیارێك دژ بە شەریعەتی ئیسلام.

ئەوەش كوردستان و ئەزموونی بەشداری كردنی ئیسلامییەكانە لە زیاتر لە چارەكە سەدەیەكدا بزانە چەند حوكمی شەرعیان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە جێبەجێكرد؟ چەند دیاردەو كاری ناشەرعییان ڕەتكردەوەو قەدەغەیان كرد بە یاسا و لە بوارەكانی سیاسەت و ئیعلام و پەروەردەو مەناهیجی دیراسی و كۆمەڵگادا، لە هەموو ئەو دیاردانەی دژی عەقیدە شەریعەو ئاكاری

[1] مريم:٤٨.

موسوڵمانان هەیە چییان لابرد و چ ناشەرعییەکیان قەدەغە کرد؟ چونکە بە حوکمی پابەند بوونی پەرلەمان بە سیستمی دیموکراسی و بنەماکانی عەلمانییەت، زۆرینە دەتوانن هەر حوکم و تەشریعێك دەربکەن بە خیلافی شەریعەتی ئیسلام و کەسیش ناتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە چونکە تۆ هەر لەسەرەتاوە بە حوکمی زۆرینە ڕازی بوویتە و وتووتە پێی ڕازیم با پێچەوانەی حوکمی شەریعەتیش بێت و سویندیشت لەسەر جێبەجێکردنی ئەوە خواردووە، ئەگینا لە بنچینەوە ئەو شوێنەت بەچاو نەدەبینی، کەواتە بوونت لەوێ زیاتر نییە لە خۆ خەڵەتاندن و بگرە شەرعییەت پێدانی ئەو جێگەیە و خۆل لەچاوکردنی موسوڵمانان و هیچت بۆ دینەکەت پێ ناکرێت جگە لە بە دەست هێنانی هەندێ بەرژەوەندی کەسێتی بۆ خۆت نەبێت وەکو موچە و خانەنشینی باش و وەرگرتنی سەیارەو شوققە و سەفەری وڵاتان و پێکهێنانی پەیوەندی لە پێناو بەرژەوەندی کەسێتی خۆت و حیزبەکەت، ئیسلامیش تەنها وەکو دروشم بەکارت هێناوە و پارەی پێ پەیدا دەکەیت.

بەدیل ئەوەیە کە باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم علیه السلام بە بەدیلی زانی:

﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ

منكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾[١].

بەدیل ئەوەیە بڵێیت ئەی قەوم و میللەتەکەم داوای لێبوردن ئەکەم من دوو سەرچاوەم هەیە کە قورئان و سوننەتە ناتوانم بە زادەی عەقڵی مرۆڤەکان بیانگۆڕمەوە، بڵێ بە دەستی خۆم نییە موسوڵمان واتە خۆ بەدەستدانەوەی بۆ فەرمانی الله پاشان پێغەمبەرەکەم ﴿ﷺ﴾ چونکە پەروەردگارم فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾.[٢] دابڕانت و نیشاندانی بەرائەتی خۆت لە پرۆسەیەك حوکمەکانی خوای تێدا دەخرێتە دەنگدانەوەو بە دەگمەنیش ئەگەر دەنگ بۆ حوکمێکی بە بەڵێ بدرێت ئەوە خۆی ڕێگای ڕزگاریتە و چاکترین بەدیلە ئەگەر باش بیر بکەیتەوە.

چەندین کەسایەتی عەلمانی کە ڕەنگە هەر باوەڕیان بە ئیسلام نەبێت، بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەن لەبەر هەندێك بەرژەوەندی دونیایی و سیاسی خۆیان، ئایا تۆی موسوڵمانی خاوەن قورئان و سوننەت ناتوانیت بەدینەکەت

---

[١] الممتحنة:٤.

[٢] الأحزاب:٣٦.

سەلامەت دەربچیت و خۆت لەو جێگە ترسناکە بپارێزیت؟ ئایا ئەوە ناهێنێت تۆیش لەبەر الله تعالى بایکۆتی ئەو پرۆسەیە بکەیت.

ئەو کەسەی داوای بەدیل دەکات بۆ بەشداریکردن لە پەرلەمانێك کە پابەند نییە بە زۆرێك لە خوکمەکانی ئیسلامەوە و بە پێچەوانەشی یاسا دەدردەکات چجای ڕێزو حورمەتی بگرێت، با ئەم ئایەتە بخوێنیتەوە و ئیتر باسی بەدیل نەکات: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾.[1] بۆ طاغوت وا دەزانی واتای چییە ؟ هەموو پەرستراوێك کە خۆی ڕازی بێت بپەرسترێت و یاسا و شەریعەتی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام دابنێت ئەوە طاغوتەو پێویستە لێی بێ بەری بیت. ئایا ئەو کەسەی بە نیازە دینی خوا لە پەرلەمانەوە سەربخات ئەم ئایەتەی نەخویندووەتەوە: ﴿فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾[2]. ؟

ئایا لەوێ ئەوەی مشت و مڕی لەسەرە و پێویستی بەیەکلا کردنەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کەس بۆ کتاب و سوننەت دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەو ئەندام

[1] النساء:٦٠.

[2] - {النساء:٥٩}.

پەرلەمانەی کە باوەڕی بە خۆی هێناوە لەوێوە حوکمی ئیسلام بگیڕێتەوە نەیزانیوە الله تعالی فەرموویەتی: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾؟ ئایا ئەوانەی لەوێن بە حوکمی خوا ڕازین؟ دەیان ئایەت جگە لەمانەی باسمان کرد لە قورئاندا ترسێنەرن لەوەی لەو پرۆسەیەدا بەشدار بیت نە بە دەنگدان و بە خۆ كاندید كردن، بەڵكو چاكترین بەدیل دوور كەوتنەوەیە. ئەگەر پەرلەمان هیچ خراپەیەكی نەبوایە تەنها ئەوە نەبێت كە فەرمانەكانی خوا پاشان پێغەمبەر ﷺ دەخرێنە دەنگدانەوە و دووبارە قسەیان لەسەر ئەكرێت و زۆر بەدەگمەنیش ئەگەر حوكمێكی وەر بگیردرێت هەر لەبەر ئەوە دەبوو موسوڵمان موچوركە بە جەستەیدا بهاتایە لە باسی بەشداری كردن تێیدا، الله تعالی لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ﴾.[1] هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلاَ مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً مُّبِينًا﴾[2].

[1] النساء:١٤٠.
[2] الاحزاب:٣٦.

لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی ئەسڵی پرسیارەکە (بەدیل چییە؟) پرسیارێکی ناشەرعییە وبیدعەیە و بێ بەڵگەیە و نابێت بکرێت لەو جۆرە حاڵەتەدا، لە گەڵ ئەوەشدا ئەڵێم: لە ئیسلامدا ئەو فەرمانانەی پێمان کراوە لە کیتاب و سوننەت جاری وا هەیە بە کردارە واتە بە (فعل) گوێڕایەڵی دەکرێت و، جاری وا هەیە بە ئەنجام نەدانی کردارە واتە بە (ترك) گوێڕایەڵی دەکرێت، تەنانەت لە شایەتماندا گەورەترین بەشی ئەوەیە کە خوای گەورە پێشی خستووە ( لا إله) کە داوای لێکردووین واز لە باوەڕهێنان بە هەموو پەروەردگارێك جگە لە الله بهێنین و ئینجا ( إلا الله) بریتییە لە کردارەکە کە دان بە هەبوونی الله و پەروەردگارێتیدا دەنێیت، تەرك کردنی ئەوەی الله پاشان پێغەمبەرەکەی پێیان ناخۆشە خۆی لە خۆیدا فیعلە و فیعلێکی زۆر گەورەو گرانیشە لە ئیسلامدا. ابن رجب لە (فضل علم السلف) دا دەڵێت: (فأما ما اتفق السلف على تركه، فلا يجوز العمل به لأنهم ما تركوه إلا على علم أنه لايعمل به) واتە: ئەوەی کە زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتە یەك دەنگ بوونە لەسەر واز لێ هێنانی هەرگیز درووست نییە کاری پێ بکرێت، چونکە ئەوان دەستبەرداری ئەو کارە نەدەبوون ئەگەر نەیانزانیایە کە درووست نییە کاری پێ بکرێت. پرسیارەکەش کاتێك دەنگدەر یان بەربژێر دەڵێت: بەدیل

چییە ئەگەر من پەنا بۆ پەرلەمان و دیموكراسی نەبەم؟ ئەو پرسیارە جەهلە یان بێ ئەدەبییە بەرانبەر بە دینی خوا، یەعنی تۆ لە هەموو ئەو دینە جوانە و تەشریعاتە مەزنە كە سیستمێكی تۆكمەو پاراوە بۆ تاك و كۆمەڵگە بەدیل نابینێت تاكو خۆت لە زەلكاوی دیموكراسی نەدەیت؟ ئایا ڕێگەی هەڵە بگریت بۆ گەیشتن بە شارێك پێی دەگەیت یان بۆ شوینێكی ترت دەبات؟ ئایا دەستنوێژ بە ئاوێكی پیس بگریت دەستنوێژەكەت درووستە چجای نوێژەكەت قبوڵ بێت؟ ئایا لە دڕكودالّدا ترێ ومیوە بەرهەم دێت؟ ئەی ئیتر قورئان و سوننەتت بۆچیە مادام بۆ بەدیلی دیموكراسی و پەرلەمان دەگەڕێت؟ زۆربەی ئەوانەی بە خۆیان ئەڵێن ئیسلامی و هەوڵی مان و نەمان بۆ گەیشتن بە كورسی پەرلەمان دەدەن و ئەڵێن ئەگەر نەچینە ناو پەرلەمانەوە بەدیل چییە و ئەو خەڵكەش بەو قسەیە داماو دەكەن لە گەڵ خۆیاندا! شارەزاییان لە تەفسیری ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز نییە و نازانن كە مەنهەجێكی بیروباوەڕی تێدایە بۆ ئیش پێكردن، نەك تەنها بە كار هێنانی وەكو درووشم و قسەی زل و پارە و پلەو پایە پێ پەیدا كرنی. زۆربەیان دەژین و دەمرن سەرەڕای قسەی زل و درووشمی خەڵەتینەر نازانن كتێبەكانی بوخاری و موسلیم و سونەن و مەسانیدەكان چییان تێدایە، لەوە گەڕێ بزانن زانایان

چۆن لەو دوو سەرچاوەوە مەنهەجێکی بیروباوەڕیان بۆ موسوڵمانان ڕوون کردووەتەوە و سەدان کتێبی ناوازەو گرنگ هەیە لە زانستە شەرعییەکاندا پێویستە بخوێنرێتەوەو ئەوان بێ ئاگاترین کەسن لێ. بەدیل ئەوەیە بچیت تەمەنت لەو قورئانەدا بەسەر بەری و لەفەرموودەکاندا و لە کتێبە شەرعییەکاندا، سەرەتا ئەو پەردەی سەر چاوەکانتی پێ لابدە بۆ ئەوەی جارێ ڕاستییەکانی پێ ببینیت، ئینجا ئەو خێرە بە ماڵ و منداڵەکەت بگەیەنەو هەروەها بە دەوروبەرت و بیکە بە کردار لەوەی دەتوانیت، لەوەشی ناتوانیت و لە توانای تۆ گەورەترە خوای گەورە داوای شتیکی لێ نەکردوویت لە توانای تۆدا نەبێت. جیگای داخە زۆرێك لەوانەی بەناو ئیسلامەوە داوای بەدیل دەکەن سورەتی الفاتحة بەبێ هەڵە نازانن بخوێننەوە، نە زۆر جاریش جیاوازیش لە نێوان ئەرکانی ئیمان و ئەرکانی ئیسلامدا دەکەن! ئەمە ئەگەر بتوانن بەڕێك و پێکی بیژمێرن، دە بڕۆن جارێ ئێوە دەساڵتان پێویستە بۆ . ئەوەی بە باشی دینەکەتان فێر بن، حوکمی شەریعەت چۆن بە کەسی جاهیل بە شەریعەت دەگەڕێتەوە و بەو هەموو لاوازییەش کە تیاتاندا کۆ بووەتەوە.

## لە کۆتاییدا دەڵێم:

ئەی موسوڵمانی بەڕێز، یەقینت هەبێت: دەنگدان کارێکی ناشەرعییە و لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی ئیسلامدا تێکدەگیرێت، دەنگدان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا لەکەدارکردنە بۆ دینت، زیانە بۆ دونیات، لێی بەریبی خاوەن پاداشتی گەورەی، تێوەگلێی دڵنیابە ڕەنجەڕۆی.

# ناوەڕۆك



| سەرە بابەت | ژمارەی پەڕ |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| بەرییە سەلامەتی! | ٩ |
| دار الندوة پەرلەمانی قورەیش و عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا | ١١ |
| شەرعدانان كاری الله یە نەك زۆرینە! | ١٦ |
| هەركی ڕێگەی بە هەڵبژاردن داوە.. نەیپێكاوە! | ٢٠ |
| بەشداری كردن لە هەڵبژاردن مەسەلەیەكی ئیجتیهادی نییە! | ٣٤ |
| یوسف علیه السلام لە هەموو جۆرە شیركێك بەرییە! | ٤١ |
| چەند پرسیارێك دەربارەی هەڵبژاردن | ٥٢ |
| شورا و هەڵبژاردن .. ئاسمان و ڕێسمان! | ٦٣ |
| حەق نەناسیت لە ناحەق پارێزراو نابیت! | ٦٨ |
| لە خوا بترسن ئەو خەڵكە بە لارێدا مەبەن | ٧٥ |
| دیموكراسی كۆڵەكەی دەنگدانە | ٧٨ |
| بە دیل چیە ئەگەر دەنگ نەدەم؟ | ٨٤ |
| لە كۆتاییدا دەڵێم: | ٩٤ |
| ناوەڕۆك | ٩٥ |